# پێشەکییەک بۆ کتێبی (ڕاگەردان)

کاروان عومەر کاکەسوور

کتێبی (ڕاگەردان) لە چیرۆک، تێکستی شانۆ و شیعر پێک هاتووە، کە پێشەکییەکم بۆی نووسیوە و نیاز وایە ئەمساڵ (غەزەلنووس) چاپی بکات. وام بە چاک زانی ئەو پێشەکییە بە شێوەی سەربەخۆیش بڵاو بکەمەوە.

# ڕاگەردان

## (پاشکۆی بەرهەمەکانم)

کاروان عومەر کاکەسوور

پێشکەشە بە (سەڵاح جەوهەر)، ئەو مرۆڤەی بە (نا) لە دایک بوو، بە (نا) زمانی پژا. بە هەمان (نا) پێی گرت و بە هەمان (نا) چووە قوتابخانە. بە هەمان (نا) خوێندییەوە و بە هەمان (نا)ی نووسی. لە (16.11.1982) بە هەمان (نا) ڕووبەڕووی (ئا)ی ستەمی بەعس بووەوە و هەمان (نا)ی لە دوای خۆیدا جێ هێشت... بەڵێ، (ئا)کان خوێنی (نا)یەکیان ڕشت و ئەمە سەرەتای چیرۆکە بێکۆتاییەکەیە:

ئەی سەردەمە ئازیزەکەم، من زۆر بە گەرمی لە بارەتەوە دەنووسم، بەڵام بۆ خۆت نا! بە منداڵییش هەر کاتێ بە چێژەوە لە قوڕ ئاژەڵ و مەلم دروست دەکرد، پێم خۆش بوو پێشانی ئەوانەیان بدەم، کە نەیانزانیوە هیچ شتێک لە قوڕ دروست دەکرێت، بگرە هەر قوڕیان نەناسیوە.

* * * *

من خاوەنی دوو کۆیلەم، یەکێکیان ناوی (چاکە) و ئەوەی دیکەیان ناوی (خراپە)یە. باوەڕ دەکەم ئێستا بزانیت ئەوە منم ئەوان هەڵدەسووڕێنم، نەوەک بە پێچەوانەوە. ئەگەرچی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (1949)وە یاسای قەدەغەکردنی کۆیلایەتیی دەر کردووە، بەڵام گوێ بەو یاسایە نادەم و کۆیلەکانم ئازاد ناکەم.

* * * *

جارێکیان بە ئیلۆژنپەرستێکم گوت: ئەوەی دەیپەرستیت، بە دوو ڕێگە لە ناو دەچێت: یەکەم، هێندە گەورەی بکە، تاکوو سنوورەکانی دیار نامێنن! دووەم، هێندە بچووکی بکەرەوە، تاکوو لەناو ئەقڵی خۆیشتدا دەسڕێتەوە! ئەگەر هیچ یەکێ لەم دوو ڕێگەیە ناگریت، لانی کەم چۆلەکەکەت لەو قەفەزە تەنگەبەرە دەربهێنە، کە لەگەڵیت داناوە، نە پەڕی پێوە ماوە و نە جریوە!

* * * *

دوو کەس لە ڕێگەی خۆشەویستییەکی قووڵەوە بە یەک گەیشتبوون، بەڵام دەیانویست جوودا ببنەوە، چونکێ هەر یەکەی هیوای دەخواست بۆ کاتی پێش دەستپێکردنی خۆشەویستییەکە بگەڕێتەوە. من سەرەتا لەوە نەدەگەیشتم، بەڵام دواتر شتەکەم تەواو لا ڕوون بووەوە. بەڵێ، خۆشەویستی کاتێ دێتە کایەوە، کە کۆمەڵێک شت بە دڵدارەکەت دەگەیەنیت، هیچیان هیی خۆت نین، بەڵکوو هەڵت بەستوون، چونکێ وا نەبێت هەر لە بنەڕەتەوە پێی ناگەیت. خۆشەویستیی قووڵ مانای بوونی چیرۆکی هەڵبەستراوی کاریگەرە. بەم شێوەیە تەواو خۆت لە دەست دەدەیت. ئەوەی وا لەگەڵ دڵدارەکەتدا ژیانی پێکەوە ناوە و ئاسوودەیە، خۆت نییت، بەڵکوو کەسێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی جوودا دەبێتەوە، هەر تۆیت. کەواتە جوودابوونەوە لە هاوسەر، خۆشەویستییەکی فراوان و بێسنوورە. ئێستا بە دڵنیاییەوە کەسێک هەیە خۆشی دەوێیت و لە ناخی دڵەوە بیرت لێ دەکاتەوە، مادام بۆ خۆی گەڕاوەتەوە. ئەرێ ئەو چیرۆکانە نەبوونایە، تۆ بەو خۆشەویستەت دەگەیشتیت؟ ئایا شتێک لەوە خۆشتر هەیە کەسێک هەبێت لە ژیانتدا ئاوا بە قووڵی خۆشت بوێت و خۆشی بوێیت؟

*     *     *     *

(تووڤا لارسن) لێی پرسیم:
_ دەتوانیت شتێکی سەیری لای خۆتانم پێ بڵێیت، کە لە شوێنێکی دیکەدا نەبێت؟
گوتم:
_ جەلـلاد هەیە لە شاخ گەڕاوەتەوە و بووەتە خاوەنی شار.
هەستم کرد ئەمەی بە لاوە سەیر نییە. گوتم:
_ ئەو جەلـلادە بیرەوەریی خۆی نووسیوەتەوە.
بۆم دەرکەوت هێشتا بە سەیری نازانێت. گوتم:
_ ئەو جەلـلادە نەک هیچ شەرمی بە ڕابوردووی نییە، نەک هەر ناڵێت پەشیوانە، بەڵکوو گاڵتە بەو قوربانییانەیش دەکات، کە هێندە بێورە و ترسنۆک بوونە، بەرگەی ئەشکەنجەی ئەمیان نەگرتووە. ئەوانەی بە وردی تۆمار کردووە و کتێبەکانی زۆرترین خوێنەریان هەن، بگرە وشەکانی بە پیرۆز دەزانن.
هەستم کرد هێشتا لای سەیر نییە، بەڵام گوتی:
_ ئەو جەلـلادە لای ڕوونە قوربانییەکانیشی خاوەنی هەمان تێگەیشتن و ئارەزوون. لە هەر شوێنێکدا جەلـلاد شەرم لە ڕابوردووی نەکات و بە شانازییەوە بیرەوەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوا لەوێدا هەوڵی گەرم و ئاشکرا هەیە لەپێناوی ئەوەی کێ ببێتە جەلـلاد و چۆن لە دۆخی قوربانی دەربچێت.
ویستم پێی بڵێم ئەو جەلـلادە ڕۆشنبیرە و دەوریشی بە ڕۆشنبیر تەنراوە، بەڵام نەمگوت، چونکە دەمزانی ئەوەیشی لا سەیر نییە.
{دوو سەرنج:
یەکەم: ئەو جەلـلادە کەسێکە، دەشێ سبەینێ لێم بپرسێت: مەبەستت منە؟ بێگومان پێی دەڵێم: بەڵێ... لایشم ڕوونە ئەوە جەلـلادەکە نییە ئەو پرسیارەم لێ دەکات، بەڵکوو بەشێکی زۆری قوربانییەکانی ئەون، چونکە ژیانی جەلـلاد لای ئەو قوربانییانە چەند بڵێی گرنگە، بەوەی گەیشتن بەو ژیانە خەونی ئێستا و ئایندەی خۆیانە. ئەوان دەیانەوێت ڕۆژگارێک ئەو خەونەیان بێتە دی. وەک (تووڤا لارسن) دەڵێت: بەشێکی زۆری قوربانییەکانن سەرسەختانە بەرگری لە جەلـلاد دەکەن و لەپێناوی مانەوەیدا ئامادەن خوێنیان بڕێژن، بگرە پەلاماری هەر مرۆڤێک دەدەن، ئەگەر وشەیەکی ناڕەزایی لە ئاستیدا دەرببڕێت.
دووەم: (تووڤا لارسن) کەسێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو کارەکتەرێکی ناو خەیاڵی خۆمە}.

*     *     *     *

سپیترین شووتی ئەو دانە سوورەیە، کە شووتیفرۆش قاشی دەکات و لە سەروو هەموو شووتییەکانی تری دادەنێت، بەو مەبەستەی سەرنجی کڕیاری پێ ڕابکێشێت. (ئەمەم لە ڕۆژگاری ئامادەیی بە هاوڕێکانم گوتووە).

*     *     *     *

ئێوە کاتێ دەبینن ژمارەیەکی زۆر ڕوو لە ئیدۆلۆگییەک دەکەن، وا دەزانن دەیپارێزن. ڕاستییەکەیشی ئەوەیە مەبەستیان، بەڵام من دەڵێم بە پێچەوانەوە، لە ناوی دەبەن. ئیدۆلۆگییەکان لەو درەختە سەیرە دەچن، کە ئەگەر زۆری بەرهەم هێنا، بەرگەی قورسایی ئەو هەموو بەروبوومەی خۆی ناگرێت و دەکەوێت، بگرە لە ڕەگەوە وشک دەکات. ئێوە دەڵێن بڕوانە لایەنگرانی (بۆدبۆد) چەند لە جاران زۆرترن و چۆن هەر بە دەنگی زلیان دەتوانن بمانتۆقێنن، تازە ئەمانە چۆن لە ناو دەچن؟ بەڵام من دەڵێم لە کۆچەرییەکانم بیستووە، کاتێ دەبینیت کۆتەرەدارێکی سووتاو پڕیشکێکی گەورە دەهاوێژێت، وا دێتە بەرچاو لە تافی هێزی خۆیدایە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە نیشانەی کوژانەوەیەتی. لایەنگرانی (بۆدبۆد) بە ئەندامانی ئەو خێزانە دەچووێنم، کە شانزدە دانەن و ماڵیان سووتاوە. شتومەکەکانیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە کۆڵان. لە داخان خۆیان بە دار و بەردا دەکێشن. ئێوە کاتێ لێیان دەڕوانن، دەڵێن: بزانە چەند زۆرن و چەندیش بەگوڕن! بەڵام من دەڵێم هەر هێندەی جارانن، بەڵام ڕێک نەدەکەوت هەموویان پێکەوە ببینن. ئەمڕۆ لایەنگرانی (بۆدبۆد) بۆیە وا زۆر و بەهێز دێنە بەرچاو، چونکە ماڵەکەیان جێ دەهێڵن و نایانبینیەوە. ئەو ئاگرە چووەتە گیانی یەک بە یەکیانەوە، بەڵام ئێوە هەستیان پێ ناکەن.
(سەرنج: من بە منداڵی، پێش ئەوەی تەواو زمان بگرم، بە پشیلەم گوتووە بۆدبۆد، کە ئەمە شتێکی ئاساییە. هەر کاتێ منداڵ حەز لە چارەی شتێک ناکات، ناوێکی سەیری بۆ دەدۆزێتەوە. ئێستا نە ڕقم لەو ئاژەڵەیە و نە خۆشیشم دەوێت، بۆیە بە نموونەی دەهێنمەوە).

*     *     *     *

ئەی زەمەن، منەتم لەسەر مەکە، گوایە ڕۆژانە خەمم پێ دەبەخشیت! خۆ من هەمیشە سوپاسم کردوویت. لە بیریشت نەچێت لە بەرانبەر ئەو چاکەیەتدا چەندت جوانی دەدەمێ! بگرە، ئەمەیش دانەیەکی تر، کە ناوم ناوە (ڕاگەردان):

پێرست:
پێشەکی ............ل
چۆن بوویت بە نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە؟ ............ل
بەشی چیرۆک ............ل
بەبەی زەینەب ............ل
کۆترباز ............ل
ئاشتیخواز ............ل
شەقلیپەقلییەکان ............ل
بڕیارەکانی سەرۆکی مەزن ............ل
چوار گریمان دابنێ ............ل
چۆن دەبیتە بۆکسەرێکی سەرکەوتوو؟ ............ل
ئەو بۆکسەرەی بە نۆکاو مرد ............ل
هەڵماتی بەردین ............ل
لەپێناوی ڕاوکردنی ماسیدا ............ل
ماچ لە بەرزاییەکاندا ............ل
گۆڕینی نەخشەی خانووەکان ............ل
بەرهەمی نوێت نییە؟ ............ل
فلاشفۆروەرد (چیرۆکێک بۆ منداڵان) ............ل
چەند نوکتەیەکی نوێی مەلای مەشهوور ............ل
زاوای ماڵی دۆکتۆر ............ل
سەرباز دەبێتە سەرباز ............ل
چیرۆکی کوڕەکەچەڵ نا، هیی کوڕەقژدرێژ ............ل
کەڵەشێری ژنە جانانەکە ............ل
جاگلینگ و جاگلەر ............ل
تاقیکردنەوەی ڕەوشت ............ل
گۆشتی خاو ............ل
جرجێک لە نێوان محەمەدی ئەمبەر و ئەلیسای ئەوبەردا .......ل
ڤیڤی و هێڵە سوورەکان ............ل
بەشی شانۆ ............ل
کراسی ئاهەنگەکان ............ل
بەشی شیعر ............ل
گوڵ ............ل
لاڵ ............ل
عیشق و دۆزەخ ............ل
هیوایەکی سادە ............ل
بوومەلەرزە ............ل

خۆکوشتن ............ ل
فۆبیای دابەزین ............ ل
زمانی هاوبەش ............ ل
گەڕان بە دوای وشەی ونبوودا ............ ل
پرسیارێک، تەنیا پرسیارێک! ............ ل
تۆ و جۆرج واشنگتۆن ............ ل
قوتابخانەی خۆشەویستی ............ ل
ناوی نهێنیم ............ ل
مێوژی گومان ............ ل
قەفەز و نیشتمان ............ ل
دوو خوشک ............ ل
یاری لەگەڵ زەمەندا ............ ل
ئەزموونێکی مەزن ............ ل
(مردن)ی هاوسەرم ............ ل
ساڵەکان وەک ژن وان ............ ل

# پێشەکی

(دوو جۆر شاعیر هەن: یەکەم، چاکەکان، ئەوانەی لە تەمەنی هەژدەساڵیدا شیعرەکانیان دەسووتێنن و خراپەکان، ئەوانەی تاکوو مەرگ درێژەی پێ دەدەن).
(ئومبێرتۆ ئیکۆ) لە کتێبی (ددانپێدانانی ڕۆماننووسێکی لاودا).

ئەم پاشکۆیە هەندێک لەو بەرهەمانەم لە خۆی دەگرێت، کە لە سەردەمی جیاوازجیاوازی ژیانمدا دەرکەوتوون. جگە لە (جرجێک لە نێوان محەمەدی ئەمبەر و ئەلیسای ئەوبەردا) و (ڤیڤی و هێڵە سوورەکان)، ئەوانەی دی هیی پێش ڕاپەڕینن. ڕاستییەکەی لە پاڵ شیعر و چیرۆکدا دوو سێ تێکستی شانۆییشم هەن، کە نەمتوانیبوو، یان بە پێویستم نەزانیبوو بڵاویان بکەمەوە. هەندێک لەو تێکستانە تەنیا وەک بیرۆکە هەبوون، بەتایبەتی چیرۆکە کورتەکانم. هەر بۆ خۆشی لەسەر بەرگی ناوەوەی کتێبەکانمدا دەمنووسینەوە. دەکرێت بڵێم هەندێکیانم لە سەردەمێکدا وەک نوکتە دروست کردوون، کە ئەمانەن: (بەبەی زەینەب)، (کۆترباز)، (ئاشتیخواز)، (بڕیارەکانی سەرۆکی مەزن)، (چوار گریمان دابنێ!)، (چۆن دەبیتە بۆکسەرێکی سەرکەوتوو؟)، (ئەو بۆکسەرەی بە نۆکاو مرد)، (هەڵماتی بەردین)، (لەپێناوی ڕاوکردنی ماسیدا)، (بەرهەمی نوێت نییە؟) و (چەند نوکتەیەکی نوێی مەلای مەشهوور).

ڕاستییەکەی ئەودەم بە هۆی ئەوەی ئەزموونم کەم بوو، هەمیشە ئیلهامم لە ڕووداو و دیمەنی زیندوو وەردەگرت، کە دەتوانم بڵێم لە دوای ڕاپەڕینەوە شتەکەم لا پێچەوانە بووەتەوە. واتە مەرج نییە ڕووداوێک، یان دیمەنێک بە شێوەی فیزیکەڵ هەست پێ بکەم، ئینجا دەست بدەمە نووسین.
(بەبەی زەینەب)م لە سێی ناوەندیدا لەبارەی هاوڕێیەکی خۆمەوە هەڵبەست، کە زۆر ڕقی لە خوێندن بوو و بە دوو ساڵ پۆلێکی دەبڕی. هەمیشە خەونی بە ژنیشەوە دەبینی. هەردوو نوکتەی (چۆن دەبیتە بۆکسەرێکی سەرکەوتوو؟)، (ئەو بۆکسەرەی بە نۆکاو مرد)م لەبارەی هاوڕێیەکی دیکەمەوە دروست کرد، کە خەریکی بۆکسێن بوو. نایشارمەوە زۆر زاراوەی یاریی بۆکسێن لەو هاوڕێیەمەوە فێر بووم، کە لە چیرۆکەکاندا بە کارم هێناون. ئیلهامی چیرۆکەکانی دیکەیشم لە بینینی دیمەنێک، یان بیستنی ڕووداوێکەوە بۆ هاتوون. هەندێک لەو چیرۆکانەم بە نیوەچڵی جێ هێشتبوون، کە ئەمانەن: (فلاشفۆروەرد)، (کەڵەشێری ژنە جانانەکە)، (جاگلینگ و جاگلەر)، (تاقیکردنەوەی ڕەوشت) و (گۆشتی خاو)، بەڵام بیرۆکەکانیانم لای خۆم پاراستبوون. (فلاشفۆروەرد: Flashforward) هەوڵێک بوو بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی خۆم. لە قۆناغی یەکەمی زانکۆدا لەناو بووس ئەو وشەیەم بیست، کاتێ بەرەو دەواسە دەگەڕامەوە. دوو قوتابیی عەرەب، وا بزانم هیی بەشی ئینگلیزی بوون، لەبارەی (فلاشباک: Flashback) و (فلاشفۆروەرد)ەوە دەدوان، کە یەکەمیان مانای گەڕانەوە بەرەو دواوەیە و پێشتر زۆرم بەرچاو کەوتبوو، بەڵام دووەمیان، کە مانای گەیشتنە بە ئایندە، واتە هێنانەبەرچاوی کاتی داهاتووە و (پرۆلەپسیس: Prolepsis)یشی پێ دەگوترێت؛ یەکەمجار بوو گوێم لێی بێت، بەڵام زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بگرە ئیلهامی ئەو چیرۆکەی پێ بەخشیم. بەکورتی پێوەندیی بە پێشبینییەوە هەیە. (جاگلینگ و جاگلەر) چیرۆکێکە هەر لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆم و هاوڕێیەکمەوە وەرگیراوە. بیرۆکەی (کەڵەشێری ژنە جانانەکە)م لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبێکی کۆمەڵناسییەوە پێ گەیشت، کە ئەودەم لە ماڵی قوتابییانی شەقامی دەواسەی مووسڵدا دەژیام، بەڵام بیرۆکەی (تاقیکردنەوەی ڕەوشت)م لە بەزمی جرجێکەوە بۆ هات، کە چووبووە ماڵی ناسیاوێکمەوە. یەکەمجار بوو بزانم ئەو ئاژەڵە چ توانایەکی گەورەی هەیە. هەموویانی تووشی نەخۆشیی دەروونی کرد. چیرۆکی (گۆشتی خاو)م لە هاوینی (1990)دا نووسی، کە بیرۆکەکەیم لەناو شەمەندەفەردا لا گەڵاڵە بوو. شەوێکیان لە بەغداوە بۆ مووسڵ سەفەرم کرد. لەبەر ئەوەی ئایەرکۆندیشنینگ داگیرسابوو، بەو ناوەڕاستی مانگی تەمووزە هەڵدەلەرزیم، لە کاتێکدا بەوە ناسراوم کەم سەرمام دەبێت. پارادۆکسێکی سەیر بوو، کە لەناو ئەو شەمەندەفەرەدا هەموو شتێک دەیبەست و لە دەرەوەیش دنیا دەسووتا. چیرۆکەکەم بە نیوەچڵی جێ هێشت، بەڵام ساڵی (1992) کاتێ گەیشتمە ئەڵمانیا و چیرۆکی (جیهان لە فنجانی قاوەدا)م نووسی، کە ئەندامێکی کۆمەڵەی (ئەسپیدیلۆن: Aspidochelone)ە، چەند بەشێکی ئەوم تێدا بە کار هێنا. هێشتا خۆی وەک تێکستێکی سەربەخۆ مایەوە. ئەوەی تێیدا گۆڕاوە، هەر ئەو سیما ئیدۆلۆگییەیەتی. چیرۆکی (شەقلیپەقلییەکان) نموونەیەک بوو لە کاتی گفتوگۆیەک لە ماڵی قوتابییان لە مووسڵدا لەبارەی هەڵوێستی ڕۆشنبیری ئەو نەتەوانەی موڵکی کوردیان داگیر کردووە، هێنامەوە، کە دوایی زانیم وەک چیرۆکێکی کورت وایە. بیرۆکەی چیرۆکی (بڕیارەکانی سەرۆکی مەزن)م لە واقیعی ئەودەمی ڕێژیمی دیکتاتۆری عێراق هەڵچنی، کە ڕاستییەکەی وەک نوکتە هەڵم بەستبوو. ئیلهامی چیرۆکەکانی (ماچ لە بەرزاییەکاندا) و (گۆڕینی نەخشەی خانووەکان)م لە ژیانی هاوڕێیەکمەوە بۆ هاتووە. کاتێ دەڵێم ئیلهام، تەنیا مەبەستم ئەوەیە، کە پێم وا بوو دەکرێت ژیانێکی ئاوای هەبێت، دەنا هیچ پێوەندییەکی دیکەی بەوەوە نییە. ئەمە بۆ هەموو چیرۆکەکانی دیکەیشم ڕاستە. بیرۆکەی چیرۆکی (زاوای ماڵی دۆکتۆر)م لە (پارکی ڕووناکی)دا لا گەڵاڵە بوو، کە پشیلەیەک هاتە لام و خۆی خستە باوەشمەوە. زانیم هیی ماڵێکی دەوڵەمەند بووە و نازی زۆری دراوەتێ. نەیدەزانی وەک پشیلەکانی دیکەی هاوڕەگەزی

لەناو تەنەکەی زبڵدا خۆراک پەیدا بکات، بۆیە لە برسان دەینالاند. یەکەمجار بوو لە ژیانمدا دەست لە پشیلە بدەم، چونکە حەزم لە چارەیان نەبوو، بەوەی باڵندەم خۆش دەویست و ئەوانم بە دوژمنیان دەزانی. وەک گوتم بە منداڵییش، پێش ئەوەی تەواو زمان بگرم، وشەی (بۆدبۆد)م بۆ ئەو ئاژەڵە بە کار هێناوە. چووم لەو دووکانەی نزیک ئەوێ بیسکیتم بۆ کڕی و دامێ. نەشمدەتوانی بۆ ماڵەوەی ببەمەوە، چونکە ئەوان نەیاندەهێشت باڵندەیەکم هەبێت، چجای پشیلە! هێنامە بەرچاوم چۆن ژیاوە و دواتر لەبەرچی دەربەدەر کراوە. هەستم کرد بیرۆکەی چیرۆکێکم هەیە و دەبێت بینووسم. تازە لەبارەی تەکنیکی ئەپیستۆلەری (Epistolary)یەوە هەندێک شتم خوێندبووەوە، کە لەو چیرۆکەدا بە کارم هێنا. واتە گێڕانەوە لە شێوەی نامەدا، یان قسەکردن بۆ کەسێک، یاخود زیاتر لە کەسێک، کە ئەوانە زیاتر گریمانین، نەوەک ڕاستی. یەکێکە لە شێوازەکانی مەنەڵۆگ، بەوەی کارەکتەر بە پلەی یەکەم پشت بە یادەوەریی خۆی دەبەستێت. بە ناخیدا ڕوو دەچێت و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کە مەرج نییە بەدوای یەکدا بێن، بەڵکوو پاشوپێشیان پێ دەکرێت. ئەو تەکنیکە بەردەوام لای ڕۆماننووساندا جێگەی بایەخ بووە. بۆ نموونە (کامیلۆ خۆسێ سێلا) لە ڕۆمانی (خانەوادەی پاسکوال دوارتێ)دا بە کاری هێناوە.
چیرۆکی (چیرۆکی کوڕەکەچەڵ نا، هیی کوڕەقژدرێژ)م لە دیمەنی دەستفرۆشێکی میسرییەوە بۆ هات، کە لە شەقامی حەڵەبی مووسڵ کاسکێتی دەفرۆشت. بە منداڵی چیرۆکی (کوڕەکەچەڵ)م لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا لە هاوپۆلێکمەوە بیستبوو، کە ناوی (ڕەقیب سلێمان) بوو. ئەو کوڕە خەڵکی گەڕەکی بەلاشاوە بوو و گەلێک چیرۆکی فۆلکلۆریی دەزانی، کە بەردەوام بۆی دەگێڕاینەوە. زۆر چێژم لەو چیرۆکە بینی و لە گەڕەکی خۆماندا بۆ هاوڕێکانم دەگێڕایەوە، کە ئەگەر بینووسیتەوە لە سەد وشە زیاتر نییە. کوڕەکەچەڵ فەردەیەک شیاکەی مانگا بە پشتی خۆی دادەدات و دەچێتە ماڵێکی دەوڵەمەند، گوایە ڕێبوارە و دەیەوێت شەوێک لە ماڵەکەیاندا بخەوێت. پێیان دەڵێت ئەو فەردەیە پڕە لە ئاڵتوون، گوایە فریویان دەدات، بۆ ئەوەی ئەوان کاتێ زانییان خەوتووە، بیبەن و بڕۆن، کە مانای وایە ماڵەکە بۆ ئەو جێ دەهێڵن. هەر بە ڕاستی ئەوە ڕوو دەدات و کوڕەکەچەڵ دەبێتە خاوەنی ماڵەکە. ئەمە هەموو چیرۆکەکەیە، بەڵام بۆ منی منداڵ زۆر بە چێژ بوو. کاتێ ئەو دەستگێڕە میسرییەم بینی کاسکێتی دەفرۆشت و کەس لێی نەدەکڕی، هەر لە خۆمەوە ئەو چیرۆکەم وە بیر هاتەوە و حەزم کرد چیرۆکێکی کۆمیدیی لێ پێک بهێنم، ئەگەرچی هیچ شتێک ئەوانەی پێکەوە نەدەبەستەوە. واتە ئەو دەستفرۆشە تەنیا لە بەرچاوی مندا لە کوڕەکەچەڵ دەچوو. دوای ئەوە چیرۆکێکی دیکەیشم لە ژێر ناونیشانی (کوڕەقژدرێژ)دا نووسی. هەردووکیانم کردووەتە یەکێک و گۆڕانکاریم بەسەردا هێناون، بۆیە ناوەکانیشم لێک داون. ئێواران چیرۆکی (کوڕەقژدرێژ)م بە دەم پیاسەوە بۆ (حسێن ڕەشید)ی هاوڕێم دەگێڕایەوە، کە بە کوێ گەیشتووم و چیی دیکەی بۆ زیاد دەکەم، چونکە کەسێکی ئەدەبدۆست بوو و هەتا ئەمڕۆیش هەر وایە. لە پاڵ هاوڕێیانی دیکەی وەک (خەلیل ساڵح)، (هێور ئەبوبەکر سدیق) و زۆری دیکەدا لە قۆناغی ناوەندییەوە وزەیان پێ بەخشیوم و لێیانەوە فێر بوومە. دواتریش زۆر هانیان داوم بنووسم. پێی دەگوتم پەلەی لێ مەکە، با درێژە بکێشێت و ببێتە ڕۆمان. (حسێن) لەناکاو گیرا و لە گیرانەکەیشی هەندێک ئیلهامم وەرگرت. ساختمانی هەردوو چیرۆکەکە وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام لە ناوەوەدا هەڵم کۆڵیون و هەوڵم داوە قووڵیان بکەمەوە.
چیرۆکی (سەرباز دەبێتە سەرباز)م لە ژێر کاریگەریی کتێبی (مرۆڤی یاخی)ی (ئەلبێر کامیۆ) و (لێکدانەوەی خەون)ی (زیگمۆند فرۆید)دا نووسی. ئەو گوتەیەی (کامیۆ)، کە دەڵێت: ((کۆیلە کاتێک فەرمانێکی سەردارەکەی دەداتە دواوە، مانای وایە هاوکات دۆخی کۆیلایەتی بە تایبەت ڕەت دەکاتەوە))، هەژاندمی. گوتەکە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدایە. (نیهاد ڕەزا: نهاد رضا) بۆ عەرەبیی وەرگێڕاوە و لە بەیرووت چاپ کراوە. ساڵی حەفتاوچوار، کە تەمەنم دە ساڵ بوو و لە پۆلی پێنجەمدا

دەمخوێند، نەخۆشی خستمی و دوای یەک مانگ ئینجا توانیم هەستمەوە. بەو هۆیەوە ئەو ساڵە لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچووم. خەونی سەیروسەمەرەم دەبینی، کە ئێستایش زۆربەیانم لە بیر ماون. یەکێ لەو خەونانەم بە دەستکارییەوە لەم چیرۆکەدا بە کار هێناوە. هەوڵم دا ئەم چیرۆکە وەک ئەوانەی دیکە چاکتر بکەم، بەڵام بۆم نەکرا، چونکە فۆرمێکی چەسپاوی هەیە. لە شێوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا نووسراوە و ناکرێت هێڵە درامییەکەی بگۆڕم. دەتوانم بڵێم جگە لە زمان، کە دام ڕشتووەتەوە، دەنا هیچ گۆڕانێکی دیکەی بەسەردا نەهاتووە. لە هیچ چیرۆکێکی دیکەم ناچێت، بەڵام ڕەنگە کەمێک ئەتمۆسفێرەکەی لە چیرۆکی (چیرۆکی کوڕەکەچەڵ نا، هیی کوڕەقژدرێژ)ـەوە نزیک بێت، بەوەی لە یەک کاتدا نووسراون.
شیعرەکانم تاکوو ئێستایش لە بەر ماون، بەوەی لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بۆ هاوڕێیانم خوێندوونەتەوە، یان لە نامەکانی سەردەمی لاویمدا بۆ ئەم و ئەوم نووسیون.
ساڵی هەشتاوپێنج دوو شانۆگەریم نووسی، کە ڕاستییەکەی هاوڕێیانی (ئامادەییی ڕزگاری) داوایان کرد بۆیان بنووسم، بەو مەبەستەی لە هۆڵی شانۆی قوتابخانەدا نمایشیان بکەن. یەکێکیان باسی ژیانی قوتابییانی دەکرد و نمایش کرا، بەڵام دووەمیان (کوا پلێتی دووکانەکەت)، کۆمیدی بوو. لەبەر هەندێک هۆکار نمایشکردنی زەحمەت بوو. ئەوەیانم وەک خۆی لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا بە کار هێنا. شانۆگەرییەکی دیکەم هەر دوای ئەوە لە ژێر ناونیشانی (ماڵێک لە بازاڕدا) نووسی، کە باسی خانەوادەیەکی هەژار دەکات چۆن لەبەر نەبوونی کەلاوەیەک لە بازاڕدا بە کرێ دەگرن. هەر هێندە دەزانن وا بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک. خزم و ناسیاو نەخۆشێک بۆ لای دۆکتۆر بهێنن، لەوێ لا دەدەن. ئەگەر دۆکتۆر پێیان بڵێت سبەینێیش بیهێننەوە، ئەوا شەو لەوێ بە سەر دەبەن. کەسانی سەیروسەمەرە دێنە ئەوێ و دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی نووسەر و سیاسەتمەداران و ژوانگەی دڵدارانیش. لە ساڵی (1990)دا تێکستی (کراسی ئاهەنگەکان)م لە بەغدادا نووسی، کە لێرەدا بە هەندێک دەستکارییەوە دای دەنێم. دەستکارییەکەیش زیاتر لابردنی ئەو سیما ئیدۆلۆگییەیە، کە پێشتر هەیبوو، بەوەی لە ڕوانگەی ڕیالیزمی سۆسیالیستییەوە نووسیبووم. پێشتریش گوتوومە ئەودەم بەرگریم لەو ئیدۆلۆگییە دەکرد. گرنگە ئەوە بڵێم، کە بەرگی ئیدۆلۆگیم لە بەر زۆربەی تێکستەکان داکەندووە و هەوڵم داوە ئازادیان بکەم، کە ئەمە زیاتر چیرۆکە درێژەکان دەگرێتەوە. بەگشتی بە هەموویاندا چوومەتەوە و دەستکاریم کردوون، بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە، بۆیە مێژووی نووسینیانم لا بردوون. پێویستە ئاماژە بەوەیش بدەم، کە پێشتریش کۆمەڵێک چیرۆکی ساڵانی هەشتاکانم لە ژێر ناونیشانی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ)دا بڵاو کردووەتەوە. ڕاستییەکەی (هاوار ئالانی)ی هاوڕێم لای خۆی پاراستبوونی، کە پێش ڕاپەڕین لێیانی وەرگرتبووم و خوێندبوونیەوە. هەروەها دەفتەرێکیشم لای (کوردۆ نەجمەدین)ی هاوڕێم بوو، کە لای (حسێن ڕەشید)ی دانابوو، بەڵام (حسێن) گوتی ون بووە. دواتر بۆی دەرکەوت دایکی بە هەڵە لەگەڵ کەلوپەلی برا بچووکەکەیدا هەڵی گرتووە، کە لە ڕاپەڕیندا گیانی بەخت کردبوو. ئەوم دەست کەوتەوە و بۆ دانمارکم هێنا، بەڵام لە ژێرزەمینی ماڵی (ساکار جەمال) و (ئاراس وەهاب)ی هاوڕێمدا فەوتا، بەوەی لافاو لەگەڵ زۆربەی کتێب و دەستنووسەکانمدا بردیی. چەند هاوڕێیەکی ئەدەبدۆست لەبارەی چیرۆکەکانمەوە سەرنجیان نووسیبوو، لەوانە (د. فرسەت ڕۆژبەیانی)، کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەییدا ناسیم و بۆم بووە پاڵپشتێکی گەورە. هەمیشە هانی دەدام بنووسم، بەتایبەتی شتی کۆمیدی. لەبەر دڵی ئەو ڕۆژانە نوکتەم هەڵدەبەست و لە قوتابخانەدا دەمگێڕانەوە. چیرۆکێکی ئەو دەفتەرەم، کە ناوی (قەرەج)ـە و لە ساڵی (1986)دا نووسیومە، (ئاراس وەهاب)ی هاوڕێم ساڵی (1993) بۆ گۆڤاری (گزینگ)ی نارد و لەوێدا بڵاو کرایەوە. پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەمانە هەموو بەرهەمەکانم نین، بەڵام هەر هێندەم لێ هەڵبژاردوون، کە دەشێ لە ئایندە بەوانی دیکەیشدا بچمەوە

و بڵاویان بکەمەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە نەوەدەکاندا نووسراون و بە نیوەچڵی جێم هێشتوون. بۆ نموونە چیرۆکی (پانتەڵۆنی مامۆستا مەلا)، (فۆبیبای پیتی ئینگلیزی)، (پەراپیل)، (کێ دەرمانەکەی لایە؟)، (پوورە تایدی و مام ئەنتایدی) و زۆری دیکەم هەن، کە هیی هەشتاکانن و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە. چاک دەزانم ئەم بەرهەمانەم دوای پێداچوونەوە و دەستکاریکردنیشیان، هێشتا لە ئاستی بەرهەمەکانی دواترمدا نین، بەتایبەتی یەک دووانێکی سەرەتام، بەڵام مادام ئەزموونی سەردەمێکی دیاریکراوی ژیانم لە خۆیان دەگرن و تا ڕادەیەک تێڕوانینی ئەودەمم پێشان دەدەن، ئەوا هەست دەکەم کاتی بڵاوکردنەوەیان هاتووە. بە چاکیشی دەزانم هاوکات لەگەڵ کتێبی (ڕێگەکانی ژەهر)دا چاپی بکەم. ئەوەیش ناشارمەوە، کە هەندێک چیرۆکی ئەو قۆناغەم تەواو لەناو ئیدۆلۆگیدا نقووم بووبوون وەک (دوو گەڕەک لە مێژوودا)، (هاوکێشیەکی دوولانەزانراو)، (فرمێسکی دایک وەک پەلکەزێڕینە وایە)، (شێو)، (دارتووەکەی گەڕەک) و یەک دووانێکی دیکە، بۆیە بە کەڵکی دەستکاریکردن نایەن.

هەر لەو ماوەیەدا ڕەخنەیشم دەنووسی، کە یەکێکیان لەبارەی کۆچیرۆکی (لێکترازان)ی (سەلاح عومەر)ەوە بوو. لە قۆناغی یەکەمی زانکۆدا بووم، کاتێ ئەو چیرۆکانەم خوێندەوە و هەندێک سەرنجم لای خۆم تۆمار کرد، کە دواتر گوتارێکم لێ پێک هێنان. ئینجا دامە (سەلاح عومەر) بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەخنەی توندم لێی گرتبوو، بەڵام بە دڵی فراوانەوە وەری گرت و لەو بارەیەوە زۆر گفتوگۆمان کرد. ئەو بابەتەم تاکوو هاوینی (1996)یش مابوو، بەڵام دامە هاوڕێیەک و نازانم ئێستا لای ماوە، یان نا!

هەروەها چەند جارێکیش هەوڵی وەرگێڕانم دا، کە یەکێکیان لەگەڵ (د. فرسەت زوبێر ڕۆژبەیانی)ی هاوڕێ و هاوپۆلم بوو. نیوەی ڕۆمانی (الاشجار واغتیال مرزوق)ی (عەبدولڕەحمان مونیف)مان وەرگێڕا، بەڵام دوایی بە هۆی ئەوەی لە زانکۆ دەرکراین، دەستمان لێی هەڵگرت. ڕەنگە یەکەم هەوڵی وەرگێڕانم بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بگەڕێتەوە، بەوەی ئەو ساڵە کتێبی خوێندن لە عەرەبییەوە گۆڕا بۆ کوردی. ڕۆژبەڕۆژ کتێبی مێژووی ئەورووپام وەردەگێڕا، کە هەم زۆر حەزم لێی دەکرد و هەم ئاوا ئاسانتر بوو لێی تێبگەم. هەروەها دەمدایە ئەو هاوپۆلانەم، کە عەرەبییان نەدەزانی.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە، بۆچی ناوم لەم کتێبە ناوە (ڕاگەردان)؟ لە بیرمە ساڵی 1976 ماڵێکی ڕەوەند هاتنە گەڕەکمان. ڕۆژێکیان ژنەکە بەلەمێکی لای دایکم برد، بەلەمی برنج، بەڵام کاتێ لە ماڵەوە بە کاری هێنا، لە دەستی شکا، بۆیە دانەیەکی دیکەی بۆ هێنایەوە و پێی گوت: ((ئەوەی لە شوێنیدا ڕاگەردان دەکەم)). دایکم گوتی: ((ڕاگەردانی چی، خوشکێ؟ چۆن لێت وەردەگرم؟)). دوایی لە دایکمم پرسی ئاخۆ ئەو وشەیە مانای چییە. گوتی: ((یەکەمجارە گوێم لێ دەبێت، بەڵام وا دیارە مانای دانانی شتێکە لە شوێنی شتێکی ونبوو، یان لەناوچوودا)). دوایی کاتێ لە یەک دوو کەسم پرسی، بۆم دەرکەوت ڕێک ئەو مانایەی هەیە. ئێستا دەبینم بۆ (Replacement)ی ئینگلیزی و (بدل ضائع)ی عەرەبی وشەی سەیروسەمەرە بە کار دەهێنرێن، لە کاتێکدا خاوەنی ئەو وشەیەین. لە سلێمانییشدا وشەی (خەرامان) هەیە، کە لێیەوە نزیکە، بەڵام (ڕاگەردان) کەمتر ناسراوە، یان چاکترە بگوترێت هەر نەناسراوە.

*　　*　　*　　*

وەک پێشتر لە گفتوگۆکانمدا ئاماژەم پێ داوە سەرەتای ژیانی نووسینمم بە شیعر دەست پێ کردووە، بێ ئەوەی ویستبێتم ببمە شاعیر، بەڵکوو تەنیا بۆ هاوڕێیانی گەڕەک و هیی قوتابخانەم خوێندوونەتەوە، بەو مەبەستەی ئێتمۆسفێرێکی خۆش دروست بکەم و تێیدا پێبکەنین، چونکە زیاتر بابەتی پێکەنین بوون. بە منداڵی زۆر شیعرم لە بەر بوون. لە کاتی بەیاننامەی یانزدەی ئازاردا شوورەیی بوو ئەگەر منداڵێک سروودی لە بەر نەبێت، یان نەتوانێت بە دەنگی بەرز کۆمەڵێک هوتاف بکێشێت. بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتین، سروودمان دەگوت و هوتافمان دەکێشا، کە هەندێکیان لە قوتابخانە و هەندێکیان لە گەورەکان فێر بووبووین. من دیوانی شاعیرانم لە ماڵی مامم‌دا دەخوێندەوە. زۆربەی کاتم لای ئەواندا بە سەر دەبرد، بەوەی یەک دیوار لە یەکدیی جوودا دەکردینەوە. ئەوان کتێبخانەیەکی باشیان هەبوو. هەرچیم لەوێدا بەر دەست بکەوتایە، دەمخوێندەوە. لە ماڵی خاڵەکانیشمدا کتێب و گۆڤارم دەهێنا. جارێکیان، کە لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، کۆمەڵێک گۆڤاری لوبنانی و میسریم لەوێ هێنان، کە یەکێکیان (الشبکە) بوو. وێنەیەکی (فاتن حەمامە)ی هونەرمەند بە جلێکی سوورەوە لەسەر بەرگەکەی درابوو. ئەوانەی تر (الاذاعە)، (الفنون) و (الکواکب) بوون. لە ڕێگەی ماڵەوە بەردەوام بیرم لێ دەکردنەوە، بەڵام دەترسام لە خۆشییان ببووریمەوە. وام دەزانی خەون دەبینم. کاتێ لە گەڕەکی خۆماندا هاوڕێکانم بینییان، ویستیان لێمیان بستێنن، چونکە ئەوانە لەو ڕۆژگارەدا بەنرخترین شت بوون. ڕاستییەکەی ئەو سەردەمە بچوویتایەتە هەر ماڵێک، کتێبت دەبینی. چونکە قوتابیی قوتابخانەی (زێوەر)یش بووم، دەمتوانی ڕۆژانە کتێب لە کتێبخانەکەیدا قەرز بکەم، کە (مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی)ی ئەدەبدۆست و وەرزشدۆست بە ڕێوەی دەبرد. جاروبار بە مەبەستی فرۆشتن، کتێبیان بۆ قوتابخانە دەهێنا. ئەوەی بیویستایە، ناوی دەنووسرا، تاکوو ڕۆژی دواتر پارەکە بدات. یەکێ لەو کتێبانەی ساڵی حەفتاوسێ، لە پۆلی چوارەمدا کڕیم (پیاوە بچۆکەلەکە)ی (فەرەیدوون عەلی ئەمین) بوو، کە زۆر چێژم لێی وەرگرت. کتێبەکە لە چیرۆک و هەڵبەست پێک هاتووە. ئێستایش لە بیرم ماون، ئەگەرچی دواتر بۆم دەرکەوت لەپاڵ کۆمەڵێک بەهای جواندا، هەندێک شتی تێدان دژی منداڵن.(1) هەروەها کتێبەکانی (کاکەی فەلاح)یشم هەر بە منداڵی دەخوێندەوە، کە تێڕوانینێکی هەندێک فراوانتری بۆ دنیا هەبوو. گۆڤاری (مجلتی) و (المزمار)م لە گەڕەکدا دەست دەکەوت، بەوەی زۆربەی دەراوسێکانمان مامۆستای سەرەتایی بوون. ئەو سەردەمە مامۆستاکان بەشێکی کاتیان بە خوێندنەوە بە سەر دەبرد، کە ئەو نەریتە تاکوو ئەمڕۆیش لە ئەوروپادا ماوە. وەک دەرکەوتووە هیچ توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە هێندەی مامۆستا خەریکی خوێندنەوە نییە، چونکە پیشەکەی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت. خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستاندا ئەو ئەرکە قورسە لەسەر شانی مامۆستادا لا براوە و بەشێکی زۆریان ئەوەی نایبینن و کاریان پێی نابێت، کتێبە. ئەو گۆڤارانە تایبەت بوون بە منداڵ و هەرزەکار. بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ دەنەخشێنران. شیعر، چیرۆک و بابەتی تریان تێدا بڵاو دەکرانەوە.

لە پۆلی یەکەمدا کتێبی (ئەلفوبێی نوێ)ی (باڵدار) و لە پۆلی سێیەمدا (القراءة الخلدونیە)ی (ساتع ئەلحەسری: ساطع الحصری)م زۆر خۆش ویست. یەکەمیان فێری کوردی و دووەمیان فێری عەرەبیی کردم. ئێستایش وانەکانی هەردوو کتێبەکەم لە بەرن. لە ڕێگەی ئەوانەوە نەک هەر شیعر و چیرۆکم ناسی، بەڵکوو دوو دنیای دیکەم بینی، کە تەواو لە دنیای خۆمان جیاواز بوون.

کۆمەڵێک قوتابخانەی ئەو سەردەمە بە ناوی شاعیرەکانەوە ناو نرابوون، وەکوو (بابەتاهیر)، (زێوەر)، (بێکەس)، (هەژار)، (هەردی) و زۆری دیکە، کە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول تەعریب کران، دروستتر بۆ ناوی ئەسحابە و شەڕەکانی عەرەب و ئیسلام گۆڕان. ئەمەیش وای کردبوو ئێمە شیعرمان خۆش بوێت و وەکوو کەسێکی پیرۆز لە شاعیر بڕوانین، چونکە هەستمان دەکرد ئەوانە بەرگری لە بوونی ئێمە دەکەن. من خۆم بە شێوەیەکی سەیر ئەو شاعیرانەم دەهێنایە بەرچاو. وام دەزانی لە ئەشکەوتەکانن و

دوور لە ئاوەدانی دەژین. لەوێ شیعر دەڵێن و بۆ شاری دەنێرنەوە. بۆیە گوتم شیعر دەڵێن، چونکە باوەڕم نەدەکرد خوێندەوارییان هەبێت. لە بیرم نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان وا شاعیرێکم هێنابێتە بەرچاوم، کە چاکێتوپانتۆڵی لە بەردا بووبێت، بەڵکوو جلوبەرگیان زیاتر لە جلوبەرگی شوان و هیی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان دەچوون. دیارە ئەو وێنانەی لەسەر بەرگی کتێبەکانیشان دەدران، ئەو هەستەیان پێ دەبەخشیم. لە بیرمە ساڵی حەفتاوچوار دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە قوتابخانەدا کۆرسێکیان بۆ گوتنی سروود و گۆرانی هەڵبژارد، کە من یەکێک بووم لە ئەندامانی ئەو کۆرسە. ئەودەم تەمەنم دە ساڵ بوو و گەیشتبوومە پۆلی پێنجەم. ڕۆژێکیان بۆ قوتابخانەیەکی کچانیان بردین، تاکوو لەوێ شیعر بخوێنینەوە و گۆرانی بڵێین. عوودژەنێک هاتبوو و لەگەڵ گۆرانییەکانی ئێمەدا عوودی دەژەند. من لەپاڵ گۆرانیدا، هەر وەکوو جاران سروودێکیشم گوت، کە پێشتر لە بەرم کردبوو و ئازادانە چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانەدا گوتبوومەوە. بەم ڕستەیە دەستی پێ دەکرد: (سوێندت پێ دەخۆم کوردستانی جوان). ئاگام لێ بوو پیاوە عوودژەنەکە لەگەڵ مامۆستاکەمان، کە لە هەموو ژیانی خۆیدا هەر بەعسی بوو؛ کەوتنە چپەچپ. دەمزانی باسی ئەوە دەکەن، کە ئەم سروودە قاچاغە، بەڵام گوێم پێ نەدەدان و هەر بەردەوام بووم. لە ڕێگەی ماڵەوە (بەختیار ڕەحمان) و (سەرکەوت سدیق بەگ)ی هاوپۆلم پێیان دەگوتم ئافەرین، بەڵام دوور نییە شەو بێنە سەرتان، بۆ ئەوەی خۆت و باوکت بگرن. ئەمە زۆر ترساندمی. ئەو شەوە بە زەحمەت توانیم بخەوم. دوایی هیچ شتێک ڕووی نەدا. ڕاستییەکەیشی ترسەکەم لە باوکم بوو، نەوەک لە ئەشکەنجەی زیندان، کە ئەو ترسە دواتریش یاخەی بەر نەدەدام. واتە تاکوو ڕاپەڕینیش ساتێ بیرم لەوە نەدەکردەوە ئاخۆ ئەگەر بگیرێم، چۆن ئەشکەنجە دەدرێم، بەڵکوو تەنیا ئەوەم دەهێنایە بەرچاوم لە ماڵەکەماندا چی ڕوو دەدات!
دەکرێت بڵێم لە قۆناغی ناوەندیدا چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانەدا بەوە ناسرابووم، کە شیعری کۆمیدی هەڵدەبەستم. زۆربەی، ئەگەر نەڵێم هەموویانم لەبارەی کەسانی دەوروبەرمەوە دەگوتن، بۆیە خێرا بڵاو دەبوونەوە و دەکەوتنە سەر زاری هاوڕێکانم. ئەمەیان نموونەیەکە:

دوێنێ جەربەزەی شاخ بوو
ئەمڕۆ جاشی (م. دێمە)یە
چڵکاوخۆری ئەوانە
دوژمنی گەورەی، ئێمەیە
برادەرانم دەڵێن قۆندەرەیە
دەڵێم نا، ئازیزان، تەنیا ئەم بزێمەیە
سەد دەستی دۆڕاندووە لەسەر گوو
ئێستا برسییەتی و چاوەڕێی ئەم گێمەیە
هەناوی قووپاو و ڕوومەتی دەرپۆقیوە
هەر دەڵێی کەری دەوری خێمەیە
گەر بچێ بۆ شەڕی مندالانیش
دەبەزێت و بێشک گۆشتی قێمەیە
با بڕوات و چارەی نەبینینەوە
کێ سوێی لەم دومەڵ و کێمەیە؟

وەک دەردەکەوێت لەبارەی کەسێکەوە گوتراوە، کە پێشتر خۆی بە شۆڕشگێڕ زانیوە و دواتر بووەتە پیاوی ڕێژیمی بەعس. لێرەدا کەمێک دەستکاریی ناوی سەرۆکەکەیم کردووە، چونکە ئەمڕۆ تێگەیشتنێکی دیکەی جیاوازم هەیە و ڕێگە بە خۆم نادەم جوێن بە هیچ کەسێ بدەم. ڕاستییەکەی ئەو سەردەمە جوێن و گوتەی بریندارکەر (Profanity)م زۆر بە کار دەهێنا، چونکە لە ژێر کاریگەریی زمانی ڕۆژانە (Vulgar language)دا بووم. ئەگەرچی تاکوو ئەمڕۆیش پرۆفانیتی بەشێکە لە ستایڵی من، کە لە ئەدەبی جیهانییشدا هەیە وەک بۆ نموونە لای (سالینجەر) و (بیوکۆڤسکی)دا دەیبینین، بەڵام لە کۆنتێکستی تەواو جیاوازدا بە کاری دەهێنم.
ڕەنگە بە دەگمەن شاعیری کورد هەبێت سەرەتای شیعرنووسینی خۆی بە نەورۆز دەست پێ نەکردبێت. منیش شیعرم بۆ نەورۆز، بۆ سەرکردەکان و بۆ شاخوداخ دەنووسی. هەر ئەوسایش دەمزانی زۆر لاوازن. بەڵام کاتێک شیعری کۆمیدیم لەبارەی خۆم و دەوروبەرەکەمەوە دەگوت، چ هاوڕێکانم و چ کەسانی دیکەیش زۆریان پێ خۆش دەبوو. هەموویانم بە پێکەنین دەهێنا. لەو سەردەمەدا بەردەوام شیعرم هەڵدەبەست، کە خۆم ناوم لێ نابوون (شیعری فەل). ناوەرۆکی گۆرانیی گۆرانیبێژانم بۆ شتی کۆمیدی دەگۆڕی و خێرا بڵاو دەبوونەوە. نیوەڕۆیەکی مانگی مەیی ساڵی حەفتاونۆ لە ژوورەوە پاڵ کەوتبووم و دەمویست خۆم لە خوێندنی کتێبەکانم بدزمەوە، کە بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی مۆڵەت درابووم و دەبووایە خۆم ئامادە بکەم، لە ڕادیۆ گوێم لە گۆرانیی (مرمر زمانی یا زمانی مرمر)(2) بوو، کە ئەودەم شتێکی وای لێ تێنەگەیشتم، بەوەی هەمیشە تێگەیشتن لە گۆرانی زەحمەتە، بەتایبەتی ئەگەر گۆرانییەکە ئاستێکی باڵای هەبێت، بەڵام هەم ئاوازەکەی و هەم وشەکانی هەژاندمیانەوە. چوومە دەرێ و بۆ باخی گڵکەند بە ڕێ کەوتم. تا گەیشتمە ئەوێ، خۆم بە کوردی وشەکانم بۆ دانا:

لەقلەقێ لەسەر لقێکی لەق بوو
لەقێکم لێ دا لەقلەق بوو
شەقشەقێ لەسەر شاقێکی شەق بوو
شەقێکم لێ دا شەقشەق بوو
تەقتەقێ لەسەر تاقێکی تەق بوو
تەقێکم لێ دا تەقتەق بوو
زەقزەقێ لەسەر زاقێکی زەق بوو
زەقێکم لێ دا زەقزەق بوو

ئەگەرچی وشەکان هێندە مانایان نەبوو، بەڵام بەوەدا گەمەیەک لە ئاوازیاندا هەست پێ دەکرا، بە شێوەیەکی خۆش دەهاتنە گوێچکەوە. بۆ هاوڕێکانم دەگوتن و لە بەریان دەکردن، بگرە پێکەوە دەمانگوتنەوە. تاکوو ئەمڕۆیش من شێتی ڕیتمم. هەمیشە دەمەوێت ئەو وشانەی بە کاریان دەهێنم هارمۆنیکایان هەبێت و بە خێرایی بجووڵێن.
لە بەشی سیریانیی تەلەڤیزیۆنی کەرکووکدا گەنجێک گۆرانییەکی سیریانیی دەچڕی، کە ڕیتمەکەی زۆر دەیوروژاندم. تیمێک کچ و کوڕیش بە جلوبەرگی خۆماڵییەوە لەگەڵیدا هەڵدەپەڕین، بەڵام بێگومان هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. هێندە هەبوو، سەربەندی گۆرانییەکە وا دەهاتە گوێچکەمەوە، دەڵێت: ((نا، شیرین، نا، نا، شیرین)). منیش هەر بۆ خۆشی شیعرێکم بە کوردی بۆ هەڵبەست:

نا، شیرین، نا، نا، شیرین

هەردووک وەستاوین، لە سەرەی (شیر)ین
نەیەیتە پێشم، نۆرەم نەبڕی
هەرگیز نابینی بتڵت بە پڕی
دەیشکێنم بە بەرد، یاخود بە ئەژنۆم
من زووتر هاتووم، دوو جار لە پێش تۆم
ئەگەر دەتەوێت لە من تێپەڕی
بتڵت پڕ بکەی لە شیری مەڕی
دوو ماچم بدێ لە لێو و گۆنات
ئەودەم ئاسانە شیر بگاتە لات

دەمگوت ئەوە بۆ گۆرانیبێژەکە بکەیتە سیریانی و پێی بڵێیت بە کوردی ماناکەی ئەوەیە، لە سەری خۆی دەدات. ناومان لێ نابوو گۆرانیی شیرەکە. هاوڕێیەکم، کە چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانەدا پێکەوە بووین، هێندەی ئەو گۆرانییە گوتەوە، هەتا گەیشتەوە دەمی باوکی. ڕۆژێکیان کۆمەڵێک میوانیان هەن و ئەو گۆرانییە لێ دەدرێت، کە ڕاستییەکەی هەموو ئێوارەیەک هەبوو. باوکی ئەو هاوڕێیەم دەڵێت گۆرانیی وا هیچوپووچم لە ژیانمدا گوێ لێ نەبووە. ئەوانیش بە سەرسووڕمانەوە لێی دەپرسن، ئاخۆ لێی تێدەگات. ئەویش دەڵێت: ((وەک بیستوومە کچێکی داماو دایکی نەخۆشە، قوڕگی هاتووەتەوە یەک و دەچێت شیری بۆ بکڕێت. لەوێ سەرەیەکی زۆر گیراوە. کوڕێکی سەرسەری لە جیاتیی ئەوەی یارمەتیی بدات، دەچێت شەڕی پێ دەفرۆشێت. ئاخر ئەوە بۆ کراوەتە گۆرانی؟ ئەگەر بزانن دواجار چیی پێ دەڵێت، هەر گوێی لێ ناگرن)). ئەو هاوڕێیەم گوتی هێندە پێکەنیم، خەریک بوو دەبوورامەوە.
هەر بەگشتی بە هەڵە لە مانای وشەی گۆرانییەکان دەگەیشتم. گۆرانیی (جادە چۆڵ و سێبەر بوو)ی (قادر کابان)م وا دەهاتە گوێ، کە دەڵێت: (جادە چێری تێبەر بوو). واتە مانگا ڕژانە ناو شەقامەوە. کاتێ لە دەرەوە گوتمەوە، خێرا کەوتە سەر زمانی هاوڕێکانیشم. ئێوارەیەکیان لە فیلمی (ماتقولش لحد: بە کەس مەڵێ!)ی (سامیە جەمال) و (فەرید ئەترەش)دا گوێم لە گۆرانیی (سافر مع السلامه) بوو، کە (فەرید ئەترەش) دەیڵێت، (سامیە جەمال) جوانترین سەمای بۆ دەکات و گرووپێک سەماکەری زۆر لێهاتوویش هەر بە دەم سەماوە بۆی دەستێننەوە. بەیانییەکەی لە کۆڵان بەردەوام دەمگوت: (کافر معاك سلامه ارجع لأنا بسلامه)، کە خۆی ڕاستییەکەی بەم شێوەیەیە: (سافر مع السلامه، ترجع لنا بالسلامه)، چونکە وشەی (سافر) بە (کافر) تێگەیشتبووم. مەلایەکی گەڕەکمان، کە باوکی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوو، بانگی کردم و لێی پرسیم ئاخۆ کێ ئەوەی فێر کردووم. منیش گوتم ئەوە گۆرانیی (فەرید ئەترەش)ە. زللەیەکی لێ دام و گوتی: ((چۆن دەبێت بە کافر بگوترێت سەلامی لێ بێت؟ نەفرەتی خوا لە کافر کراوە)). ژنێکی دەراوسێمان، کە عەرەبی و تورکیی زۆر چاک دەزانی، گوتی: ((مامۆستا، ئەوە خۆ نازانێت مانای چییە، دەنا قسەی وا چۆن دەکات!)). ئەویش ئاوا وەڵامی دایەوە: ((دەزانم نازانێت، بەڵام دەبێت فێر ببێت)). گۆرانیی (بانەت بۆ گەڕام سەر لە بەیانی) بە (بارت بۆگەنە) تێگەیشتبووم. ژنێکی هەژارم دەهێنایە بەرچاوم، کە بارێک شتی هێناوە بیفرۆشێت، بەڵام کەس لێی ناکڕێت و بۆگەن دەکات. منداڵەکانیشی چاوەڕێن بگەڕێتەوە و خۆراکیان بۆ بهێنێت. لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا سروودی (ئەی شەهیدان)یان فێر کردین، کە (محەمەد تۆفیق وردی) دای ناوە. من (نامرێ ناو و نیشانتان) بە (نامرێ، نا، ڕوونی شانتان) تێگەیشتبووم، کە دانیشتووی هەولێر بە (ڕۆن) دەڵێن (ڕوون). دەمویست بزانم ئاخۆ بۆچی شانیان ڕۆنی پێوە بووە؟ ئایا ئەو ڕۆنە لە تفەنگەکان

دەچۆڕایەوە؟(3) گۆرانیبێژێک لە سەرەتای شەڕی عێراق و ئێراندا دەیگوت: ((سەربازی ئێراق ئازایە، سەددام بۆمان پەنایە)). وا دەهاتە گوێچکەمەوە دەڵێت: ((سەربەزێڕە قەزایە)). لە دڵی خۆمدا دەمپرسی: ((باشە، سەربەزێڕە قەزا بێت، یان ناحیە، تۆ بڵێ با شارێکی گەورەیش بێت، ئەوە پێوەندیی بە گۆرانیی قادسییەوە چییە؟))، تاکوو ڕۆژێکیان بۆیان ڕاست کردمەوە. لە ڕۆژگاری زانکۆدا فێری مانای (تێمپرەری لەڤ ئەفایە Temporary love affair) و (پێرمەنەنت لەڤ ئەفایە Permanent love affair) بووبووین، کە یەکەمیان بە خۆشەویستیی کاتی، یان خۆشەویستیی تێپەڕ و دووەمیان بە خۆشەویستیی بەردەوام دەگوترێت. زووزوو دەمانگوتەوە. منیش ئاوام لێ کردبوو: (تێمپرەری لەڤ ئەفایە، سەددام بۆمان پەنایە). لەم ڕووەوە زۆر نموونەی دیکەیش هەن، کە چۆن مانای گۆرانیم بە هەڵە بیستووە، بەڵام بە پێویستی نازانم ئاماژەیان پێ بدەم. هێندە دەڵێم تاکوو ئەمڕۆیش ئەوەم لەگەڵدایە و لە بواری نووسیندا زۆر سوودم لێ بینیوە. لە سەردەمی هەرزەکاریمدا تووشی جۆرێک لە (تێکچوونی زمان) هاتم، کە بە یۆنانی (ئەفەسیا: Aphasia)، بەڵام بە ئینگلیزی (language disorder) و ( language impairments)ی پێ دەگوترێت. ڕاستییەکەی ئەمەیش زۆر کۆمەکی کردووم، چونکە جۆرێکە لە تێکچوونی سیستێمی مانا. بە واتایەکی دیکە گۆڕینی ئەو مانایەیە، کە پێی ڕاهاتووین بۆ مانایەکی دیکە، کە تەواو لێوەی دوور و جیاوازە. ئەو تێرمە هەندێک لە یەکتر دوورن، بەڵام خاڵی هاوبەشیشیان هەیە. لە هەندێک پیتدا تووشی بەربەست دەهاتم و بە خراپی دەرم دەبڕین. دەتوانم بڵێم تاکوو پۆلی سێیەمی ناوەندییش ئەوەم لەگەڵدا هات. لە زۆربەی بەرهەمەکانمدا بە کارم هێناوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا. تەنانەت کەسوکارم لەوە نەدەگەیشتن بۆچی لەناکاو وام لێ هاتووە. شتی سەیر ئەوە بوو، کە لەو کاتانەی گاڵتەم دەکرد، یان بەسەرهاتی کۆمیدیم دەگێڕایەوە، بە هیچ شێوەیەک ئەو بەربەستەم نەدەهاتە سەر ڕێ، بەڵکوو زیاتر لە کاتی جددییەتدا ڕووبەڕووم دەبووەوە. نایشارمەوە تاکوو ئەمڕۆیش من لە نووسین چاکترم وەک لە قسەکردن، ئینجا چ لە زمانی کوردی و چ لە زمانەکانی دیکەیشدا، کە باوەڕ دەکەم هاوڕێیانم ئەوە بزانن. دەڵێم نووسین (زوبان: Tongue)ی لێ سەندووم، بەڵام (زمان: language)ی پێ بەخشیوم. لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم، کاتێ دەستم بەوە کرد ئازارەکانم بنووسمەوە. بە مانایەکی دیکە لەبەر ئەوەی نە کەسم هەبوو ناخمی بۆ هەڵبڕێژم و نە دەشمتوانی بە زمان خەمەکانم دەرببڕم، پەنام بۆ قەڵەم و کاغەز دەبرد. هەر زوو لە ناویشم دەبردن، نەبادا بکەونە بەرچاوانەوە. هەندێجار دەمنووسی کاتێ گەورە دەبم، چۆن ئێرە جێ دەهێڵم و دەچم لە شوێنێکی دوور دەژیم، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کارانە بکەم، کە لێم قەدەغە کراون. هەمیشە خەونم بە ماڵێکەوە دەبینی جگە لە کۆمەڵێک پەلەوەر، یەک دوو سەگیشی تێدا ڕابگرم. پارادۆکس ئەوە بوو زۆر لەو ئاژەڵە دەترسام، بە ڕادەیەک نەمدەتوانی لێی نزیک ببمەوە، کەچی ئاوا خەونم پێوەی دەبینی! ئێستا بە هیچ شێوەیەک لە سەگ ناترسم و هاوڕێیەکی زۆر ئازیزمە.

لەو سەردەمەدا هەر کوڕێکی هاوڕێم بیویستایە نامەی دڵداری بۆ کچێک بنێرێت، دەهاتە لای من و بۆیم دەنووسی، چونکوو بە شیعر دەمڕازاندنەوە، کە هەندێکیان خۆم هەڵم دەبەستن و هەندێکیان هیی شاعیران بوون. بەو شێوەیە بە نهێنیی هەموویانم دەزانی. لە تەلەڤیزیۆنی کەرکووکدا بەرنامەی (گۆرانیی داواکراو) هەبوو. جاروبار بە ناوی خەڵکی گەڕەکەوە نامەم دەنووسی و دەمناردن. فلان کەس فلان گۆرانیی داوا کردووە و بە فلان و فلانی پێشکەش دەکات. هەندێک لەوانە ناتۆرەیان دوا خرابوو و منیش ڕێک بەو شێوەیە دەمنووسین، یان هەر خۆم ناتۆرەم دوا دەخستن. ئیتر کاتێ لە تەلەڤیزیۆن ناوی خۆیان دەبیستەوە، توورە دەبوون، بەڵام نەیاندەزانی منم. ئەمانە وایان دەکرد هەندێک ئەزموون لە بواری نووسیندا پەیدا بکەم.

هەر لەو سەردەمەدا جاروبار هەوڵم دەدا شیعر بۆ منداڵانیش بنووسم، کە ئەمە نموونەیەکیانە:

پەنجەکانم دە دانەن
بۆتیان دەڵێم ئەمانەن:
یەکەمیان خۆڕاگرە
دووەمیان وەک ئاگرە
سێیەمیانم خەباتە
چوارەم ئاڵای وڵاتە
پێنجەم بووژانەوەیە
شەشەم نەتوانەوەیە
حەوتەم زەویی بەپیتە
هەشتەم کاغەز و پیتە
نۆیەم قوتابخانەیە
دەیەم ماڵ و لانەیە

لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەی دیوار ئامادە دەکرا و لە یەکێکیاندا ئەوەی من بڵاو کرایەوە، بەڵام پێنجەم و شەشەمیان لە بیر چوو بوو، یان بە ئەنقسەت قرتاندبوویانن، بۆیە هاوڕێکانم ڕەخنەیان لێ دەگرتم، گوایە ناتەواوە.
هاوینی (1980)، کە تازە شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێ کردبوو، هاوڕێیەکمان لەگەڵ خاڵی چووبووە مووسڵ و لەوێ کاری دەکرد. ڕۆژێکیان نامەیەکی بۆ ناردبووم، کە سەرتاپێی جوێن بوو، چونکە هەموو گاڵتەیەکمان پێکەوە دەکرد. گوتبووی لەسەر گردی (کەرمەلێس)دا نووسیویەتی، کە شوێنێکی مێژووییە و دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە. منیش بە شیعر وەڵامیم دایەوە. ئەمە سەرەتاکەیەتی:

لە کەرمەلێس کەر مەلێسەوە
لێرە باشترم بۆ داناوی
پێویست ناکا بڵێم چییە
خۆت زۆر چاک دەزانی ناوی
تۆ کە هێندە شەیدای لستنەوەیت
دەستت دەکەوێت، چ بە کوڵاوی، چ بە خاوی
ئەم جووتەی خۆمت پێشکەش دەکەم
بیانلسەرەوە، هەتاکوو ماوی

ساڵی یەکەم لە پۆلی سێیەمی ناوەندیدا دەرنەچووم، چونکە ئەوەی نەمدەویست چارەی ببینم، کتێبی قوتابخانە بوو. بێگومان لە باوکم دەترسام، دەنا یەک ڕۆژ پێم نەدەخستە ئەو زیندانەوە. ساڵی دووەم قوتابخانە درەنگتر لە کاتی خۆیدا دەستی پێ کردەوە، بەوەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا. ترسێکی گەورە هەموو شاری داپۆشی. لە ژیانمدا زۆر هەستم بە ڕەشبینی کردبێت، هەر ئەو ساڵە بووە. تەمەنم دەگەیشتە پانزدە و وام دەزانی ئەو شەڕە سەرجەم ئاواتەکانم وەک پووش دەسووتێنێت. سیستێمی ژیان تەواو گۆڕا. کارەبا بڕا و ئەو تاریکییە هێندەی دیکە هیواکانی دەکوشتم. لەناکاو گۆڕانێکی سەیر لە ژیانمدا ڕووی دا، کە ئەگەر ئێستا بیگێڕمەوە، شتێکی ئەوتۆ نییە، کەچی بۆ منێکی

هەرزەکار دەیتوانی زۆر گەورە بێت. وەک گوتم هەموو شتێک لەگەڵ شەڕدا گۆڕا، تەنانەت دەوامی نانەواخانەکانیش. شەوانە سەموون دەهات و لە ژێر ڕووناکیی چرادا دەفرۆشرا. دەبووە شەڕ و زۆرجار دەست و قاچی تێدا دەشکا. من بە لاییتێکەوە دەچووم و بەشی هەموو ئەندامانی خێزانەکەمانم دەهێنا. لەوێ کچێکم ناسی، کە تازە لە شارێکی دیکەوە هاتبوو، چونکە هەموو جارێ بۆیم وەردەگرت. شەوی وا هەبوو بۆ ئەوم وەردەگرت و خۆم بە دەستی بەتاڵ دەگەڕامەوە. لەسەر ڕاسپاردەی دایکوباوکی وا ڕێک کەوتین لەگەڵ خۆمی ببەم و هەتا ماڵەوەیشی بگەیەنم. {ئێستا دەزانم (لەگەڵ خۆمی ببەم و هەتا ماڵەوەیشی بگەیەنم) دەربڕینێکی زۆر کۆن و بەسەرچووە، بەڵام هیی ئەو کاتەیە}. ئەمە بۆ من هیوایەکی زۆر گەورە بوو. لەناکاو بە هۆی شەڕەوە کچێک هاتە ناو ژیانمەوە، کە بە ڕاستی خۆشم دەویست. ڕاستە هەرگیز ڕاستەوخۆ وام پێ نەدەگوت، بەڵام ئەم دەیزانی هەستێکی وام بۆی هەیە. بۆم دەرکەوت هەمان هەست لەویشدا دەرکەوتووە، چونکە نەیدەشاردەوە منی بە دڵە و پێی خۆشە بمبینێت. وەک خۆیشم لە پۆلی سێیەمی ناوەندیدا دەیخوێند، کە هەندێجار لە ڕێگەی قوتابخانەیشدا بە یەک دەگەیشتین. من ئەگەرچی پێشتر ڕقم لە شەو بوو، چونکێ دەبووایە بۆ ماڵ بگەڕێمەوە، کەچی وای لێ هات شتەکە پێچەوانە ببێتەوە. بەڵێ، کێشەی هەرە گەورەم ڕۆژ بوو، کە زوو ئاوا نەدەبوو، تاکوو شوێن بۆ شەو چۆڵ بکات و لە نزیکەوە ببینم، بگرە لەگەڵی بۆ ئەو شوێنە بچم، کە سەموونی لێ دەفرۆشرێت. ئاگام لە مامۆستا دەبڕا و خەیاڵم بۆ لای ئەو هەڵدەفڕی. بە دوورم نەدەزانی ساڵی دووەمیش دەرنەچم و بە یەکجاری لە قوتابخانە دەربکرێم. ئەودەم باوکم هەر بە ڕاستی هەڵمدەواسێت. لەناکاو ماڵی کچە بۆ شاری خۆیان گەڕانەوە و نائومێدییەکی زۆر لەوەی پێشوو گەورەتر ڕووی تێ کردمەوە. خۆیشم لەوە نەدەگەیشتم بۆچی دەمەوێت لە قەراغی شەقامی شەستیدا بوەستم و لەو ئۆتۆمۆبیلانە بڕوانم، کە تیژ تێدەپەڕین، لە کاتێکدا من زۆر لەوە تیژتریشم دەویست. یەکەمجار بوو هەستێکی وا لە خۆمدا بە دی بکەم. دەمڕوانی و فرمێسک بە چاومدا دەهاتە خوارێ، بەڵام هەرگیز نەمدەهێشت کەس پێم بزانێت. بەردەوامیش بە دەنگی تێکشکاوم، گۆرانیم دەگوت. ڕۆژێکیان لە (سەفین موحسین)ی هاوپۆلم فێری وشەی (گالەباندە) بووم، کە مانای عەرەبانچییە، بە مەرجێ ولاغی گەورە عەرەبانەکەی ڕابکێشێت، گوایە کورد لە سەردەمی زوودا بە کاری هێناوە. خۆیشم نەمزانی بۆچی هێندە سەرنجی ڕاکێشام. لە ئێوارەیەکی ناوەڕاستی مانگی مەی هەر لەو شوێنەدا شیعرێکم هەڵبەست، کە ئەو وشەیەم تێدا بە کار هێنا:

ئەی گالەباندەی بە دوو ئێسترەوە
بم بە بۆ دەشت، دوورم خەرەوە
من جاران لێرە هەر لەگەڵ یار بووم
هەر خۆم بە تەنیا خاوەنی شار بووم
ئێستا بێکەسم شار بە خۆیم ناگرێ
دەبێت سەر هەڵگرم، لە خۆم بێزار بووم
ئەی گالەباندەی بە دوو ئێسترەوە
بم بە بۆ دەشت، دوورم خەرەوە
باخێکم هەبوو لە گوڵ پێک دەهات
دەنگی دابووەوە لە شار و دێهات
کاتێکم زانی باخم وشکی کرد
هەروەکوو لمی بیابانی لێ هات

ئەی گالەباندەی بە دوو ئێسترەوە
بم بە بۆ دەشت، دوورم خەرەوە
ئاوا نەدەبوو ڕۆژی گەردوونم
هەردەم ڕووناک بوو ڕێی هاتوچوونم
هەتاو دیار نەما و ڕێگەم تاریک بوو
بۆیە دەپرسم ئەرێ کوا بوونم؟
ئەی گالەباندەی بە دوو ئێسترەوە
بم بە بۆ دەشت، دوورم خەرەوە
شەقام دوام دەکەوت، دەیگوت دەتناسم
کۆڵان پەرۆش بوو بۆ دەنگوباسم
تەقییەوە شتێک لە ناخم وەک مین
تاکو ئەم ساتەیش بەو دەنگە کاسم
ئەی گالەباندەی بە دوو ئێسترەوە
بم بە بۆ دەشت، دوورم خەرەوە

بە ئاوازێک ئەو بەندانەم دەگوتەوە، کە زۆر لە هیی گۆرانیی (یا مال الشام یاالله یا مالي طال المطال یا حلوه تعالي) بوو، ئەگەر نەڵێم هەر ئەو بوو. دواتر ئەو شیعرەم پێشانی (ئەحمەد محەمەد) دا، کە یەکێک بوو لە ڕۆشنبیرە دەگمەنەکانی ئەو سەردەمە، من و هاوڕێکانم بە مامۆستای خۆمانمان دەزانی، بەڵام گوتم هیی کوڕێکە و پێی خۆشە تۆ بۆی هەڵسەنگێنیت. لە ڕووم نەدەهات پێی بڵێم خۆم دام ناوە. خوێندییەوە و گوتی: ((ئەوە مەنەلۆگە))، کە من وام دەزانی ئەو وشەیە خراپە، واتە مانای وایە شیعر نییە. ڕاستییەکەی (مەنەلۆگ)م تەنیا لە گۆرانیدا بیستبوو، بۆیە ئەو هەستەی لا جێ هێشتم، کە ئەمە لاوازە. گوتم: ((زۆریش مەنەلۆگ نییە، بەڵام دەی، قەیدی ناکات)). نایشارمەوە، وام دەزانی شیعرێکی زۆر قووڵم نووسیوە. ئەم لەوە زیاتری نەگوت، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر لێم ڕا ما، کە دواتر زانیم مەبەستی ئەوەیە هەر لێی تێنەگەیشتووم. (ئەحمەد) لە سەرەتای هەشتاکاندا زانکۆی جێ هێشت و چووە ئەڵمانیا، چونکێ ژیانی لە مەترسیدا بوو، بەوەی لە منداڵییەوە خەریکی دەربڕینی ناڕەزایی بوو و لە خۆپێشاندانی قوتابییاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینی. لەو ساتەوە دەنگی بڕاوە. ئێستایش ناوی بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەم لە بیر ماون، کە لە ڕێی ئەوەوە ناسیومن. جارێکیان، کە گەیشتبوومە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، کتێبێکم بۆی برد. دەبووایە لە ماڵەوە چاوەڕێم بکات و بیدەمێ، بەڵام ئیشێکی هاتبووە پێش و چووبووە دەرێ. یەک عەلاگەی پلاستیکی بۆ پڕ کردبووم لە کتێب و لەگەڵ نامەیەکدا جێی هێشتبوو. نووسیبووی داوای لێبوردن دەکات نەیتوانیوە ئامادە بێت، بەڵام ئەو کتێبانەی وەک دیاری بۆ داناوم. دوای ئەوە تەنیا یەک جاری دیکە بینیمەوە، ئەویش چەند ڕۆژێ بەر لەوەی کوردستان جێ بهێڵێت. یەکێ لە مێزەکانی کازینۆی (لەیالی)مان گرت و لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی دیکە لەوانە (خەلیل ساڵح)، (حسێن ڕەشید) و (هێور ئەبوبەکر سدیق) دانیشتین. هەستمان دەکرد لە بەرانبەر ڕۆشنبیرێکی گەورەداین، بەڵام ئایا سەیر نییە ئەو ڕۆشنبیرە دوای ئەوە دەنگی نامێنێت؟ ئەمە پرسیاری هەموو هاوڕێیانە.
لە ساڵی هەشتاویەکدا، کاتێ گەیشتمە قۆناغی دواناوەندی، گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینمدا هات، چونکە لە (ئامادەییی ڕزگاری)دا هەندێک هاوڕێی زۆر هۆشیارم ناسین. ڕۆژبەڕۆژ زیاتر شتی نوێیان لێوە فێر دەبووم. کتێبم دەدانێ و کتێبم لێ وەردەگرتن. لەبارەی هەموو شتێکەوە

گفتوگۆمان دەکرد. کاتێ کتێبێکی نوێ دەکەوتە کتێبخانەکانەوە، یەکترمان لێ ئاگادار دەکردەوە. خاڵی هاوبەشی هەموویان قسەی خۆش و پێکەنین بوو، بۆیە هەر زۆر زوو لە گرووپەکەیاندا شوێنیان پێ بەخشیم. بەوەدا کەسانی گێرەشێوێن بووین، لای هەندێک لە مامۆستاکان ئێسکمان قورس و لای زۆربەی قوتابییان خۆشەویست بووین. گوێمان نەدەدایە ئەوەی ئاخۆ لە قوتابخانە دەردەکرێین، یان نمرەمان لێ دەشکێنن، بە قسەیەکی کۆمیدی ئێتمۆسفێری وانەکەمان لەوپەڕی جیدییەوە بۆ ئەوپەڕی گاڵتە دەگۆڕی. زاراوەی وەک (مێسی) و (لۆولێس)یان بۆ بە کار دەهێنایـن، کە دوایی زانیم ئەمانە بەو کەسانە دەگوترێن لە یاسا یاخی دەبن و گوێ بە کۆنترۆڵ نادەن. هێشتا وازم لە شیعری کۆمیدی نەهێنابوو، بەڵکوو ناوەناوە هەر بۆ خۆشی یەک دووانێکم هەڵدەبەست و هاورێکانم بە پێکەنین دەهێنا. بۆ نموونە لە وانەی ئینگلیزیی پۆلی چوارەمدا ئەو دوو ڕستەیەمان وەرگرت: (تەلەفۆن بۆ فریاگوزاری بکە! پێویستم بە دۆکتۆرە Call an ambulance! I need a doctor). منیش پرسیم ئاخۆ (حەسەن زیرەک) ئیلهامی گۆرانیی (ئەمان دۆکتۆر)ی لەوە بۆ نەهاتووە؟ بووە پێکەنین و وەک زۆر جاری دیکە دەرکرامە دەرێ. هەتا زەنگەکە لێی دا و هاورێکانم هاتنە لام، ئەو بەندانەم ڕێک خست و لەسەر ئاوازی (ئەمان دۆکتۆر)دا دەمگوتەوە:

کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
ڕەنگە نەزانی بۆ وام لێ هاتووە
حەزم لە لێوی، گوڵەکەم، وەک دەنکەنۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
چاوم نابینێ و گوێچکەم کز بووە
ئەوەی دەیبیستم، ڕۆحەکەم، تەنیا چیرۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
خەوم نەماوە و خۆم ناناسمەوە
فرمێسکم خوێنە، ئازیزم، ڕەنگی نینۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
ناچێتە ئەقڵم هێندە دڵڕەق بیت
ئەمە شێوەتە، بەقوربان، یان ناوەرۆکتە؟
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
گوێ بە من نادەیت، وەک نەبم وایە
بەزەییت نییە، باوانم، ڕق سەرۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
هەر کاتێ نەمام، خرامە گۆڕەوە
گوناهی مەرگم، دیدەکەم، وا لە بەرۆکتە

کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
لام ڕوونە دەمرم، نامبینیتەوە
بەسەرهاتی من،ماڵەکەم، دەکەیتە نۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە
هێشتا بێباکی و هەر لێم تێناگەیت
پێم دەڵێیت ئەمەیش، دڵەکەم، خەونی نەزۆکتە
کۆڵ ئەن ئیمبەلانس، ئای نید ئە دۆکتە
ئەو کراسەت کوشتمی، گیانەکەم، وا لەسەر چۆکتە

بەوەدا هەر لە منداڵییەوە وەک زۆربەی کوڕانی گەڕەک شێتی فیلمی (وێستەرن)، یاخود (کاوبۆی) بووم، دەمزانی بە تفەنگ دەگوترێت گان (Gun). ئەو سەردەمە (قەڵەم و تفەنگ) دروشمی ڕێژیمی بەعس بوو. (القلم والبندقیه فوهه واحده: قەڵەم و تفەنگ یەک لوولەن)، کە ڕاستییەکەی ئەو گوتە بێگیانە لە بنەڕەتدا هیی (غەسان کەنەفانی)یە و (سەددام حسێن) دەستی بەسەردا گرتووە. مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا ئەوەی بەرچاو دەکەوت. منیش ئەم یەک دوو دێڕەم لەو بارەیەوە هەڵبەستبوو، تاکوو سەرنجی هاوڕێکانمی پێ ڕابکێشم:

دوو شتت لا گرنگن، هەر ڕێک وەکوو خوێن
یەکێکیان (Gun) و ئەوەی تریان (Pen)
(Pen) بە یەکێ بدە نرخی زانستی لایە،
دڵی بۆ نیشتمان چرایە،
دەزانێت زانین بۆ مرۆڤ قەڵایە.
(Gun) بە هەزاران بدە،
کە شارەزان چۆن بیتەقێنن
تەختی دوژمنی پێ بلەقێنن
(Gun) بدە بە پیر، بە منداڵ، بە لاو
با بچنە شەڕ و بهێنن شالاو.
هێندەت (Gun) داوە، ناوت تەواو ناسراوە
نازناوی (Gun)دەری وڵاتت پێ بەخشراوە.
بە (Gun)ی تۆ بەردەوامە قادسیەی سەرۆک
دوژمنی ناپاک هاتووەتە سەر چۆک(4)

لەو ساڵەدا ڕاپەڕینی قوتابییان دەستی پێ کرد، کە قوتابخانەی ئێمە ڕۆڵی بەرچاوی تێدا بینی. ئەو ڕووداوە هەر زوو کاریگەرییەکەی دەرکەوت. زیاتر ئازادیی پێ بەخشین، بەوەی دەمانتوانی بێ ترس بۆچوونی خۆمان لەبارەی هەموو شتێکەوە دەرببڕین. بەڵێ، بە ئاشکرا دەمانگوت ڕێژیمی بەعس داگیرکەر، سەرکوتکەر و فاشیستە، کە پێشتر لەسەر شەقامەکاندا و لە بەرانبەر چەکداراندا بە دەنگی بەرز وامان گوتبوو، بگرە ئەمانەمان بە مامۆستاکانیش دەگوت و زۆربەیان پشتگیرییان دەکردین،

تەنانەت بەو هۆیەوە زیاتر ڕێزیان لێ دەگرتین. لە پشووی نێوان وانەکاندا کاسێتی سروود و گۆرانییە قەدەغەکراوەکان لە ژووری بەڕێوەبەرەوە پەخش دەکرا و هەڵپەڕکێ بە جلی کوردی و سیمبۆڵی ئازادییەوە دەستی پێ دەکرد. سروود دەخوێنرایەوە و هووتاف دەکێشرا. لەبارەی ئەو حزبانەی شاخیشەوە گفتوگۆی گەرم دادەمەزرا، کە هەر یەکەی باوەڕی بە یەکێکیان هەبوو و ڕەخنەی لەوانەی تر دەگرت. بە ئاشکرا بڵاوکراوەی شاخمان دەهێنایە قوتابخانە و دەمانگۆڕینەوە. دەمانزانی هەر قوتابی و مامۆستایەک بیروباوەڕی چییە، لایەنگری کام حزبە و دژی کامیانە، تەنانەت دەمانزانی کێ لە ڕێکخستنی چ حزبێکدا کار دەکات، بەتایبەتی ساڵی دواتر کاتێ شەڕی حزبەکانی شاخ هەڵگیرسا. هاوکات شەڕی نێوان ئێمەیش گەرمتر بوو، بەڵام لە سنووری زماندا دەمایەوە و نەدەگەیشتە ئاستی فیزیکەڵ. واتە زۆر بە دەگمەن شەڕەبۆکس و شەڕەشەقی تێدەکەوت. بۆ ئەوەی تۆ لەو ململانێیەدا وەک لایەنی بەهێز حیسابت بۆ بکرایە، دەبووایە لە گفتوگۆکاندا بە شێوەی قووڵ بۆچوون دەرببڕیت و بە گوتەی نووسەر و فیلۆسۆفانیش ئەو بۆچوونەت بە هێز بکەیت، کە ئەمە ئەوەی بەسەردا دەسەپاندیت بەردەوام بخوێنیتەوە. لە پاڵ شیعردا ژانرەکانی دیکەم ناسین و گەیشتمە ئەوەی بە شێوەیەکی دیکە لە ئەدەب بڕوانم. کاتێ هەستم دەکرد گۆڕانێک بەسەر بیرکردنەوەمدا هاتووە، دڵخۆش دەبووم و هەوڵم دەدا زیاتر خۆم پێ بگەیەنم. لە پۆلی پێنجەمی ئەدەبیدا بووم، کە ئەم تێکستەم نووسی:

لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر نانەوا هەن،
یەکەمیان نان لە ئاردی گەنم و دووەمیان لە ئاردی جۆ
دروست دەکات.
من نان لە هیچ یەکێکیان ناکڕم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر بەرگدروو هەن،
یەکەمیان جلوبەرگی کەتان و دووەمیان جلوبەرگی خوری دەدوورێت.
من جلوبەرگ لە هیچ یەکێکیان ناکڕم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر قەساب هەن،
یەکەمیان مەڕ و دووەمیان مانگا سەر دەبڕێت.
من گۆشت لە هیچ یەکێکیان ناکڕم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر بەقاڵ هەن،
یەکەمیان سەوزە و دووەمیان میوە دەفرۆشێت.
من سەوزە و میوە لە هیچ یەکێکیان ناکڕم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر کازینۆ هەن،
یەکەمیان چا و دووەمیان قاوە دەگێڕێت.
من لە هیچ یەکێکیان دانانیشم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر مامۆستا هەن،
یەکەمیان بە زللە و دووەمیان بە شەق لە قوتابی دەدات.
من لای هیچ یەکێکیاندا ناخوێنم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر خانوو هەن،
یەکەمیان لە خشت و دووەمیان لە بەرد دروست کراوە.
من لە هیچ یەکێکیاندا نیشتەجێ نیم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر کار هەن،

یەکەمیان بە ڕۆژە و دووەمیان بە شەو.
من هیچ یەکێکیان ناکەم.
لەم شارەی مندا تەنیا دوو جۆر مرۆڤ هەن،
یەکەمیان هەمیشە قاقا لێ دەدات و دووەمیان بەردەوام دەگری.
من هاوڕێی هیچ یەکێکیان نیم.
من دەزانم لە شارێکدا دەژیم، بەڵام نازانم لەو شارەدا چیم هەیە.
هێندەم لا ڕوونە برسیم، تینووم، ڕووتم، ماندووم، بێکارم، نەخوێندەوارم، بێلانە و بێکەسم.
کێ ئەم شارەی منی دەوێت؟
کێ ئەم شارەم لە یاخە دەکاتەوە؟

ئێمە کە بە نهێنی لە شاردا کارمان دەکرد، مانگانە دەبووایە چ لەبارەی چالاکیی خۆمان و چ لەبارەی بارودۆخی شارەوە ڕاپۆرت بنووسین و بۆ سەرەوەی بنێرین. ئەو تێکستەم بە دەستی هاوڕێ و هاوپۆلم (خەلیل سالح)ەوە لەگەڵ یەکێک لە ڕاپۆرتەکاندا نارد، کە لە یەک شانەدا بووین، بەو هیوایەی لە ئێستگەدا بخوێنرێتەوە، بەڵام نازانم خوێنرایەوە، یان نا!
ئێواران لە بەردەمی کتێبخانە و لای کتێبفرۆشە گەڕۆکەکانی قەڵاتدا هەموو ئەو هاوڕێیانەی گەڕەک و قوتابخانەم دەبینییەوە، کە زۆربەیان دژم بوون و کەمێکیان لایەنگرم، بەوەی ئەندامی پارتی بووم، کە لەو سەردەمەدا هەموو هێز و توانای خۆی لە دەست دابوو و حیسابی بۆ نەدەکرا، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، دروستتر لەو کاتەوە، کە دەوڵەمەند بووەوە، زۆربەی دژەکانمی لە خۆی گرتەوە و هەمان هێزی جارانی بە دەست هێنایەوە، لە کاتێکدا من بۆ هەتایەهەتایە جێم هێشتووە و بۆی ناگەڕێمەوە، وەک شانزدە ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی منداڵیمدا گوتوومە. ڕاستییەکەی هەر ئەمە زیاتر پاڵی پێوە دەنام بخوێنمەوە. دەمویست ئەو کەموکورتییەم بە خوێندنەوەوە پڕ بکەمەوە. لەو شوێنەدا زۆرترین و گەرمترین گفتوگۆ دەکرا، کە وەک گوتم زیاتر شەڕەقسە بوو، بەوەی کتێبەکان ئەو شەڕەیان لە نێوانماندا زیندوو دەکردەوە. هەر هێندە یەکێ بیگوتایە فلان کتێب باشە، ئەوەی دیکە دەیزانی لەبەر ئەوە وا دەڵێت، چونکە لەو کتێبەدا خۆی و بیروباوەڕەکەی دەبینێتەوە، بۆیە ڕەخنەی لێ دەگرت. چاکترە بگوترێت پەلاماری دەدا. ئەمڕۆ من و زۆر هاوڕێی دیکەیش لە خۆمان و لە یەکتر دەپرسین، ئەرێ ئێمە لەو سەردەمەدا هێندە دژی یەکتر بووین و هەر یەکەمان دەیزانی ئەوەی دیکە کار بۆ چ لایەنێکی شاخ دەکات، چۆن پەنامان بۆ ڕێگەی دیکە نەدەبرد؟ دروستتر چۆن زمانمان لە یەکدی نەدەدا؟ نەخێر، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە. من خۆم لەو گفتوگۆیانەدا زۆر سوودم بینی، بەوەی هەمیشە هەستم دەکرد لاوازم و هیچ نازانم. پێشتر زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی میللیدا بووم، بۆیە تێڕوانینێکی پریمەتیف و زمانێکی سادەیشم هەبوون، کە جوێنم بە کار دەهێنا و پەنام بۆ توندوتیژیی سیمبۆڵیی دەبرد، بەڵام لە ئامادەییدا بە هۆی ناسینی هاوڕێیانی هۆشیار و خوێندنەوەی کتێبی دیکەوە چ تێڕوانین و چ زمانیشم گۆڕان، کە ئەو دووانە پێوەندیی دیالێکتیکەڵیان پێکەوە هەیە، بێ ئەوەی ڕێ بدەم ئەو گیانە کۆمیدی و ئیرۆنییەم بمرێت، بگرە زیاتر پەرەم پێ دا. تووشی نەخۆشیی خراپتێگەیشتن بووبووم، کە وام دەزانی هەموویان فیلۆسۆفن، بۆیە گەلێجار بە ترسەوە بۆچوونی خۆمم دەردەبڕی، یان هەر دەرم نەدەبڕی و بێدەنگیم هەڵدەبژارد. بەردەوام گلەییم لە خۆم دەکرد بۆچی وەک ئەوان لە کتێبە فکری و ئەدەبییەکان ناگەم؟ ئەمەم هەتا ڕۆژگاری زانکۆ و دواتریش لەگەڵ هات، بەڵام وەک گوتم بە چاکە بۆم گەڕایەوە. لە سەرەتای نەوەدەکاندا، کە گەیشتمە ئەوروپا بەرهەمی هەندێک نووسەری کوردزمانم دەخوێندەوە، کە خۆیان بە تازەگەر دەناساند و هەموو شتێکیان بە کۆن دادەنا. نایشارمەوە

سەرەتا وام دەزانی ئەوانە شارەزاییی زۆریان لەبارەی تیۆرییەکانی ئەدەب، ڕەخنە، زمانناسی و کۆمەڵێکی دیکەوە هەیە. وام دەهێنانە بەرچاو بەشێکی کاتەکەیان بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە و بوارەکانی دیکە تەرخان دەکەن، کەچی هێندەی پێ نەچوو بۆم دەرکەوت ئەوانە زۆرکەم ئاگایان لەو بوارانە هەیە، ئەگەر نەڵێم هەر نییانە. چەند ساڵێ لەمەوبەر یەکێ لە هاوڕێکانی منداڵیم، کە لە هەشتاکاندا پێکەوە خەریکی خوێندنەوە بووین و خۆم بە قەرزاری دەزانم، لینکی گۆڤارێکی ئەدەبیی بۆ ناردم، کە نووسەرێک لەو نووسەرانە سەرنووسەریەتی و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە. کاتێ خوێندمەوە، هەستم کرد ئەو نووسەرە هێندە لە دنیای ئەدەب و ئێستاتیکا دوورە، نەبێتەوە. ئەو هاوڕێیەم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گوتارێکیشی نەنووسیوە، بەڵام خوێنەرێکی تا بڵێی هۆشیارە، بۆی نووسیبووم: {ئەو پێشەکییە هەر بە زمانی ئەدەبی نەنووسراوە. ئەگەر لە شەستەکان و حەفتاکانیشدا بمخوێندایەتەوە، هەر بە لاوازم دەزانی. ئایا نووسەرە داهێنەرەکان ئاوا دەنووسن؟ دەستگەی (المرکز الثقافي العربي) پێشەکییەکی کورتیان بۆ کتێبی (خوێنەر لە حیکایەتدا)ی (ئۆمۆبێرتۆ ئیکۆ) نووسیوە. من لە نەوەدەکاندا خوێندوومەتەوە و تا ئەم ساتەیش لە بیرم ماوە. ئەگەر دەستگەیەک ئەمەی کردبێت، ئەفسووس نییە سەرنووسەری گۆڤارێکی کوردی ئەوە تێگەیشتنی بێت بۆ ئەدەب؟ بۆ چەمکی کۆن و نوێ؟}. ئەمە کرۆکی نامەکەی ئەو هاوڕێیەمە. واتە مەبەستەکەیەتی.

ئێستا کاتێ بیر لە هەندێک هاوڕێی ئەو سەردەمە دەکەمەوە، کە هەم زۆریان دەخوێندەوە و هەم توانای تێگەیشتنیان چاک بوو، ئاخیان بۆ هەڵدەکێشم، کە وەستان و وازیان هێنا، بەڵام هاوکات دەڵێم وازهێنان زۆر لەوە چاکترە تۆ بە سادەیی بنووسیت و وایش خۆت نمایش بکەیت داهێنەریت. نایشارمەوە زۆر شت لەوانەوە فێر بووم و لە ڕێگەیانەوە دەیان کتێبم ناسین.

لە پۆلی پێنجەمی ئەدەبیدا بووم، کاتێ ماڵمان بۆ گەڕەکی (ڕووناکی) گواستەوە، کە ئەمە گۆڕانێکی دیکەی لە تێڕوانینمدا هێنایە گۆڕێ. شێوازی ژیانی ئەو گەڕەکە لە زۆر ڕووەوە لەوەی پێشوو جیاواز بوو، بۆیە ئەو جیاوازییانەم لە نزیکەوە هەست پێ دەکرد و دەبووایە ڕووبەڕوویان ببمەوە. بەگشتی لاوانی ئەو گەڕەکە لە بواری هونەر، وەرزش، خوێندنەوە و زۆری دیکەدا چالاک بوون، بەڵام سیاسەت خاڵی هاوبەشی هەمووان بوو. بە دەگمەن لەوێدا گەنجت دەبینی چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە حزب و ڕێکخراوێکەوە نەبێت. ئەگەرچی پێشتر بەشێکیانم دەناسی، کە هەر لەبەر ئەوانیش بوو ماڵمان هێنایە ئەوێ، بەڵام لەو کاتەوە دەمتوانی زیاتر لێیانەوە نزیک بم. (هۆشەنگ وەزیری)، (سائیب ئەکرەم)، (دلێر خدر) و زۆری دیکە لە گەنجە هۆشیارەکانی ئەو گەڕەکە بوون. لە پارکی (ڕووناکی)دا کۆ دەبووینەوە و بەردەوام گفتوگۆمان دەکرد.

لە پۆلی شەشەمدا هۆبەی قوتابییە یاخییەکان جوودا کرایەوە، کە بە (موشاغیبەکان) ناسرا بوون. ناوی من یەکەم، ناوی (فرسەت ڕۆژبەیانی) دووەم و هیی (دڵشاد مەجید)ی نووسەر سێیەم. پارادۆکس ئەوە بوو لەو پۆلەی ئێمەدا زیاترین کتێب دەخوێنرایەوە و زۆرترین گفتوگۆ لەبارەی ئەدەب، هونەر، فەلسەفە و بواری دیکەوە دەکرا. لانی کەم نۆ کەسمان کارمان لە ڕێکخستنەکانی شاردا دەکرد. ئەو سێیەیشمان هەوڵی نووسینمان دەدا. ئێواران یان لە کازینۆی (دڵزار)، یان لە (باکوور) و یانیش لە (لەیالی)دا یەکمان دەگرتەوە، دوای ئەوەی سەرمان لە کتێبخانەکان و کتێبفرۆشە گەڕۆکەکان دەدا و چەند کتێبێکمان دەکڕی. گفتوگۆمان دەکرد و دەمانویست هەموو ئەو شتانە لەسەر ئەو مێزەدا هەڵبڕێژین، کە خوێندبوومانەوە.

لە قۆناغی ئامادەییدا بایەخم زۆر بەوە دەدا بیرۆکەی قووڵ لە شێوەی گوتەی نەستەق و کاریگەر دابڕێژم، کە لەسەر تەختەڕەش و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکانمدا دەمنووسین. ئەمە نموونەیەکیانە: ((بە منداڵی دەمگوت تەنیا لەبەر شتێک ئاوێنەم خۆش ناوێت، چونکە لە بەرانبەر هەر

کەسێکدا بوەستێت، دەبێتە ئەو، بەڵام ئێستا گەورەم و تەنیا لەبەر شتێک خۆمم خۆش دەوێت، کە لە بەرانبەر هەموو دنیایشدا بوەستم، هەر خۆمم)). جاروبار ئەو گوتانەم تێهەڵکێشی بۆچوونەکانم دەکرد، کە ئێستا هەندێک پێکەنینم بە خۆمی ئەودەم دێت.

لە پێشەوە گوتم لە پشووی نێوان وانەکاندا کاسێتی سروود و گۆرانییە قەدەغەکراوەکان لە ژووری بەڕێوەبەرەوە پەخش دەکرا و هەڵپەڕکێ بە جلوبەرگی کوردی و سیمبوڵی ئازادییەوە دەستی پێ دەکرد. هاوڕێیان زۆر هەوڵیان لەگەڵ دام فێری هەڵپەڕکێ ببم و سەری نەگرت. بۆم دەرکەوت هەر هونەرێک پێوەندیی بە جەستەوە هەبێت، بۆ من زەحمەتە، چونکە فێری مەلەیش نەدەبووم. خەونم بە یاریی فوتبەڵەوە دەبینی و ئارەزووی گەرمم بۆی هەبوو، کەچی نەدەبوومە یاریکەرێکی باش. بۆم دەرکەوت خەیاڵ بەسەر ژیانمدا زاڵە. بە مانایەکی دیکە من کەسێکم دەتوانم خەیاڵم لە جەستەم زیاتر بە کار بهێنم. لە ئامادەییدا هەستم کرد وردەوردە لە شیعر دوور و لە چیرۆک نزیک دەبمەوە. ڕاستتریش وایە بڵێم وردەوردە لە نووسینی ژیاننامە نزیک دەبوومەوە، بەتایبەتی کاتێ هەر لە چوارەمی ئامادەییدا (گێلەپیاو)ی (عەزیز نەسین)م خوێندەوە. ئەو ڕۆمانە زۆر کاری کردە سەرم، چونکە وەک گوتم چەند بڵێی حەزم لە کۆمیدیا بوو. دەمویست لاساییی ئەو ڕۆمانە بکەمەوە و منیش ژیانی خۆم و خەڵکی گەڕەکەکەم بنووسمەوە، کە پڕی بوو لە دیمەنی کۆمیدی. ئەو هەموو ئازار و مەینەتەی لەو گەڕەکەدا دیبووم، فێری ئەوەیان کردبووم، کە کۆمیدیا ڕووی ڕاستەقینەی تراژیدیایە. شکستی حەفتاوپێنج کاریگەرییەکی زۆر گەورەی کردبووە سەر هەمووومان. بە چاوی خۆم حاڵی ئەو هاوڕێیانەمم دەبینی، کە لە شاخ گەڕابوونەوە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. هەبوون ماڵەکانیان لەلایەن سەرۆکجاش و ئەمنەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوون. هەبوون باری داراییان بە شێوەیەک خراپ بووبوو، کە لە سێ ژەم، ژەمێکیان نەدەخوارد. جارێکیان بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەم وەکوو خۆی نووسییەوە، بەڵام چونکە ئەوسا هیچم لە هونەری گێڕانەوە نەدەزانی، بۆیە نەمدەتوانی وەکوو چیرۆکنووسێک مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بکەم. دوایی کاتێک هەوڵی نووسینی چیرۆکم دا، ئەو خەیاڵانە بۆ من یارمەتیدەری باش بوون. وەک پێشتر گوترا فێربوونی تەکنیکی نووسین پێوەندیی بە تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە بۆ ژیان. واتە نووسەر بەپێی ئەو تێگەیشتنەی بۆ خۆی و بۆ دەوروبەری هەیەتی، تەکنیک فێر دەبێت و دای دەهێنێت. هەڵبەستنی چیرۆک هونەرێکە لە منداڵییەوە ناسیومە. بەسەرهاتی سەیروسەمەرەم لە خەیاڵی خۆمدا هەڵدەبەست و بۆ هاوڕێکانمم دەگێڕانەوە، هەر بۆ ئەوەی پێبکەنن، بەڵام بە ڕاستی چێژێکی زۆرم دەبینی، کاتێک ئەوان گوێیان لێ دەگرتم و قاقا پێدەکەنین. شەوان لەسەر جێگە، پێش خەوتن شتەکانم هەڵدەبەست و بە ڕۆژ لە کۆڵان و لە قوتابخانەدا بۆم دەگێڕانەوە.

لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدا لەگەڵ کوڕێکی هاوپۆلم، کە ناوی (ئازاد عەبدولغەفوور) بوو قەڵەمدادەرێکم بە کتێبێکی نوکتە گۆڕییەوە، کە ئەو قەڵەمدادەرە لە شێوەی قاز دروست کرابوو و ناسیاوێکمان بە دیاری پێی دابووم. بۆ ئەو سەردەمە دەگمەن بوو. کتێبەکە بەرگی پێوە نەبوو، بەڵام بۆ هەر نوکتەیەک وێنەیەکی جوانی بۆ کێشرابوو. ئێستایش لە بیرمە، کاتێک بۆ شەوەکەی لە ماڵەوە خوێندمەوە، چەندم چێژ لێ بینی. یەکەمین نوکتە بەم شێوەیە بوو: (مام هۆمەر) مریشکێکی هەبوو. مریشکەکە هەموو ڕۆژێک هێلکەیەکی بۆ دەکرد. ڕۆژێکیان (مام هۆمەر) بیری کردەوە مریشکەکە سەر ببڕێت، بۆ ئەوەی هەموو هێلکەکانی بە جارێ دەست بکەوێت و دەوڵەمەند ببێت. ئەمە بۆ منێکی منداڵ گەورەترین چێژی هەبوو. هەر ئەو ساڵە (ترش و شیرین)ی (خاڵە ڕەجەب)م لە ماڵی مامما خوێندەوە، کە هەمووی نوکتە و بەسەرهاتی سەیر بوو. دەتوانم بڵێم هەر لە سەرەتاوە چیرۆک، بەسەرهات و نوکتە زیاتر لە شیعر لە ڕۆحی منەوە نزیک بوون. باوەڕ ناکەم باشترین شیعرم بگاتە خراپترین چیرۆکم. لەو کەسانەیشم، کە باوەڕیان وایە لە چ بوارێکدا توانات هەبێت، باشترە هەر لەو بوارەدا بنووسیت. ئەگەر

زیاتر بە لای چیرۆکەوە بووم، مانای وا نییە شیعرم نەدەخوێندەوە. نەخێر، هێندەی چیرۆکیش شیعرم دەخوێندەوە.
هەر لە سەرەتاوە ژیاننامەی خۆم و کەسانی دیکەی دەوروبەرم هانیان داوم ڕوو لە ئەدەبی گێڕانەوە بکەم، بەڵام بایەخدانم بە هونەری نووسین، ڕێگر بووە لەوەی ئەو ڕووداوانە وەکوو خۆیان بنووسمەوە. ڕەنگە ئەو دەمەی بیرم لەوە کردووەتەوە ژیاننامە بنووسمەوە، هەرگیز نەمزانیبێت ڕۆژگارێک بە لای چیرۆک و ڕۆماندا دەچم. پێم وایە ژیاننامە بەوە لە چیرۆک و ڕۆمان جوودا دەبێتەوە، کە گێڕانەوە لە ژیاننامەدا پابەندی مێژووە، بەڵام لە چیرۆک و ڕۆماندا بۆ تێکشکاندنی دەستەڵاتی مێژووە. لێرەدا دەبێت ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دوو جۆر لە ژیاننامەدا بکەین: یەکەمیان، ئەو ژیاننامەیەی، کە ڕووداوەکان، کەسەکان، سەردەمەکان و شتەکان وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە. ئەمەیان زیاتر شێوازی نووسینی سیاسەتمەدار و گەڕیدەکانە. جۆری دووەمی ژیاننامە، ئەوەیە، کە هەموو ڕووداو، کارەکتەر و ڕەگەزەکانی دیکە تێکەڵی خەیاڵ و فانتازیا دەکات. بۆیە ئەمەیان لەگەڵ چیرۆک و ڕۆماندا جیاوازییەکی گەورەی نییە، بگرە ئەمە دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی. دەکرێت لەژیاننامەدا نووسەر باس لە کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و مێژوویش بکات، بەڵام لە دیدگەیەکی فراوانتر لەو دیدگەیەی سیاسەتمەدارێک هەیەتی. ئەمەیش ئەوە دەسەپێنێت نووسەر ئەو لایەنە شاراوانە بدۆزێتەوە، کە بە گرنگ دانانرێن و فەرامۆش دەکرێن، بەوەی زمانی ئەدەب زمانی وردەکاری و دەرخستنی نهێنییەکانە. دوای ئەوەی کتێبی (مندالیم بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد) وەک هەوڵێک لە بواری ژیاننامەدا نووسرا و بەشی یەکەمی لە سەرەتای ساڵی دووهەزار چاپ کرا، یەک دوو نووسەر لێرە و لەوێ کەوتنە لاساییکردنەوەی، بگرە وا خۆیان ناساند داهێنەری ئەو ژانرە ئەدەبییەن، بەڵام چونکە هەر لە بنەڕەتدا ئەزموونەکە هیی خۆیان نییە، بەڵکوو بە دەربڕینی (هایدیگەر) بە شێوەی کریۆسیتی وەریان گرتووە، ئەوا کاتێ لەو بارەیەوە قسە دەکەن، خوێنەر دەهێننە قاقای پێکەنین. ئەوانە وا لە ئەدەبی ژیاننامە گەیشتوون، گوایە نووسینەوەی ژیانی خۆیانە ڕێک وەک ئەوەی هەیە، لە کاتێکدا من پێم وایە ئەدەبی ژیاننامە بە پلەی یەکەم بریتییە لە دەرخستنی ئەو ئایدیایانەی، کە لە ئەنجامی تێڕوانینی نووسەر بۆ خۆی و بۆ دەوروبەرەوە دروست بوونە. ئایا ئەو تێڕوانینە تا چەند قووڵە و چۆن لە دەربڕیندا ڕەنگی داوەتەوە؟ بە مانایەکی دیکە ئەو زمانەی هاتووەتە کایەوە چەند توانای دەرخستنی شتی نوێی هەیە؟ بوونی ئەو جیاوازییەیە وا دەکات ئەزموونی نووسەر گرنگ بێت و بچێتە بواری نووسینەوە، دەنا ژیاننامەی یەکێک بۆ خوێنەر چ بایەخێکی هەیە، لە کاتێکدا ناتوانێت لەبارەی کارەکەی خۆیەوە چوار دێڕی تۆکمە بنووسێت، بەڵکوو بە زمانی میللی چەند شتێکی سادە دەڵێت، کە سادەترین خوێنەر لە پێش ئەوەوە دەیانزانێت؟
هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەدەبی گێڕانەوە لە هەر ژانرێکی دیکە زیاتر لە دنیای منەوە نزیکە، بەوەی ڕێگەم دەدات هەموو خەیاڵ و بیرکردنەوەکانمی تێدا بە کار بهێنم. کاتێ لەبارەی هەر چەمکێکەوە دەمخوێندەوە، هەستم دەکرد خێرا کاریگەرییەکەی لە بەرهەمەکانمدا دەردەکەوێت، کە ئەمە وای لێ دەکردم هەم زیاتر بخوێنمەوە و هەم زیاتریش بنووسم.(5)
ئەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا دەمخوێندنەوە و هەستم دەکرد تێڕوانینم لەبارەی خۆم و دنیاوە دەگۆڕن، جۆراوجۆر بوون، بەڵام من پێچەوانەی زۆربەی هاوڕێکانم بایەخی یەکەمم بە ئەدەب دەدا، بۆیە شیعر، چیرۆک، شانۆگەری و هیی دیکەم لەوان زیاتر دەخوێندەوە، کە دیارە هەر ئەوەیش بوو وای کرد بەردەوام ببم. هەندێک کتێبم لەو سەردەمەدا ناسی، کە تێڕوانینیان تەواو گۆڕیم. دەتوانم بڵێم تاکوو ئەمڕۆیش کاریگەرییان لام ماوە. ڕۆمانەکانی (دیکینز) و (مارک توەین) بە نموونە. زۆربەی بەرهەمەکانی (دیکینز)م بە زمانی عەرەبی خوێندەوە. (سەرکێشییەکانی تۆم سۆیەر)ی (مارک توەین)م

لە تەمەنێکدا ناسی، کە خۆم حەزم لە سەرکێشی بوو. (ماهیر نەسیم) وەری گێڕاوە و لە ساڵی 1963دا چاپ کراوە. (توم سویر، قصە حیاة طفل: تۆم سۆیەر، ژیاننامەی منداڵێک). ئەوانە بە بڕوای من دەچنە ڕیزی ئەدەبی لاوانەوە. لە پۆلی شەشەمی ئامادەییدا بەرهەمەکانی (دۆیستۆیڤسکی)م ناسی، بەتایبەتی (تاوان و سزا)، کە دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆمانە ژیانمی سەرتاپێ گۆڕی. هەروەها (کێیسی سەیری دۆکتۆر جیکڵ و میستەر هاید)ی (ڕۆبێرت لویس ستیڤنسن)م هەر لەو سەردەمەدا خوێندەوە، کە یەکێکە لە تێکستە گەورەکانی جیهان. بیرۆکەی ئەو ڕۆمانە هەژاندمی، کە چۆن دۆکتۆرێک دەرمانێک دەدۆزێتەوە و دەیخوات، بۆ ئەوەی جارێک پیاوێکی کەتەی زل بێت و جارێک کورتەبنەیەکی قەمبوور. یەکەمیان مرۆڤێکی چاکە، ناوی (دۆکتۆر جیکڵ)ە و ئەوەی دیکەیان شەڕانییە و بە (هاید) ناسراوە. ئەمە وای لێ کردم هێندەی بە دوای لایەنی خراپەی کارەکتەردا بگەڕێم، هێندە گوێ نەدەمە لایەنی چاکەی، چونکە چاکە شتێکی ساختەیە. مرۆڤ بۆیە دەیەوێت چاک بێت، تاکوو لایەنە ڕاستەقینەکەی بشارێتەوە، کە خراپەیە. ئەو ڕۆمانەم لە پاڵ کۆمەڵێک ڕۆمانی دیکەی جیهانی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆدا خوێندەوە، کە نموونەیەکی دیاری ئەدەبی لاوانە. یەکێک لەو ڕۆمانانەی ئەودەم پێیان ئاشنا بووم، (کاتژمێر بیستوپێنج)ی (کۆنستەنتین جۆرجیۆ)یە. بە هۆی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەوە تاقیکردنەوەیەکم لە دەست چوو. هەر ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار ڕۆمانەکانی (مارکیز)م ناسی. یەکەم ڕۆمانی ئەو (شەوانی خۆشەویستی و ترس: لیالی الحب والرعب) بوو، کە لە بڵاوکراوەکانی (دار الهلال)ی میسرییە. لە ژووری ماڵی قوتابییاندا خوێندمەوە، کە دەیڕوانییە ناو باخی کەنیسەیەکەوە. هەستم دەکرد هەمان ئێتمۆسفێری ڕۆمانەکەیە. پێشتر بەشێکی بەرهەمەکانی (دۆیستۆیڤسکی)، (گۆگۆڵ)، (تۆرجنیف)، (چیخۆڤ) و هیی کۆمەڵێک نووسەری دیکەم خوێندبووەوە. هەر زۆر زوو هەستم کرد (کامیۆ) چەند بڵێی تایبەتە. (سارتەر) بە هەموو گەورەییی خۆی نەیدەتوانی هێندەی ئەو بۆ خۆیم ڕابکێشێت. ئەگەرچی (کۆڵن ولسن) ئەودەم زۆرترین خوێنەری هەبوو، بەڵام من هەر زوو تاقەتم لێی چوو. لە قۆناغی زانکۆدا ئێتمۆسفێری ڕۆمانەکانی (جیمس جۆیس) سەرنجی ڕادەکێشام، بگرە پێی دەگوتم بۆچی تۆیش خۆت لە سەرکێشییەکی گەورە نادەیت؟ (کافکا) ترساندمی، کە پێم وایە (قووڵی) هەمیشە لەگەڵ خۆیدا (ترس) دەهێنێت. شیعری (پۆشکین)، (مایکۆڤسکی)، (لویس ئاراگۆن)، (پۆل ئیلوارد)، (لۆرکا)، (ئیلیەت)، (پاوەند) و ئەوانەی دیکە لە ئەدەبی گێڕانەوە کەمتر کاریان تێ نەدەکردم. لە پاڵ ئەوانەدا بەرهەمەکانی (مارکس)، (نیتشە)، (فرۆید) و ئەوانەی ترم دەخوێندەوە. بێگومان ئەوانەی (لەنین)یش، بەوەی کۆمۆنیست بووم. کتێبی (ترس و ڕاچەنین)ی (سۆرێن کیەکاگۆرد: Søren Kierkegård)م لە یەکێ لە کتێبخانەکانی مووسڵدا کڕی، کە وام زانی ڕۆمانە، چونکێ لە سەرەتادا ئەمەم خوێندەوە: (هەبوو نەبوو مرۆڤێک هەبوو، بە منداڵی گوێی لە چیرۆکێکی خۆش دەگرت). دوای ئەوە چیرۆکی (ئەبراهام) دەگێڕێتەوە و لێی دەکۆڵێتەوە، کە چۆن ویستوویەتی (ئیسحاق)ی کوڕی سەر ببڕێت. کتێبەکە بە عەرەبی ناوی (خوف ورعدە)یە و (فوئاد کامل) وەری گێڕاوە. لە شێوەی بیرەوەریدا نووسیویەتی، بەڵام شێوازێکی زۆر تایبەتی پێڕۆیی کردووە. پێشتر دەمزانی (کیەکاگۆرد) فیلۆسۆفە، یان لانی کەم تیۆلۆجن (Theologian)ە و بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئێکزیزتانشیلیزم دادەنرێت، بە تایبەتی لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی ئێکزیزتانشیلیزم: دراسات فی الفلسفە الوجودیە)ی (عەبدولڕەحمان بەدەوی)دا خوێندبوومەوە، کە بەشێکی زۆری بۆ ئەو تەرخان کردووە. ئەو ڕۆژگارە لە پاڵ مارکسیزمدا فەلسەفەی ئێکزیزتانشیلیزمیش لەناو گەنجاندا بایەخی پێ دەدرا، بەتایبەتی بەرهەمەکانی (سارتەر) و (کامیۆ)، بۆیە ئەو کتێبەی (بەدەوی) لە (ئامادەییی ڕزگاری)دا ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. ڕاستییەکەی بە شێوازێکی ئاسان ئەو فەلسەفەیەی دەناساند.

هەمیشە باوەڕم وا بووە جیاوازیی نێوان نووسەری ئەدەبی و فیلۆسۆف ئەوەیە، کە یەکەمیان دوو ئەرک و دووەمیان یەک ئەرکی لە ئەستۆیە. واتە کاری فیلۆسۆف فەلسەفەیە، بەڵام هیی نووسەری ئەدەبی پێکڕا ئەدەب و فەلسەفەیە، بۆیە ئاسان نییە مرۆڤ ببێتە نووسەری ئەدەبی، لە کاتێکدا نووسینی ئەدەب و ڕەخنە لای ئێمە هێندە ئاسان کراوەتەوە، بە ڕادەیەک هەر کاتی بتەوێت، دەتوانیت دەستی بۆ ببەیت. ئەدەب توانای تێکشکاندنی هەموو ئەو حەقیقەتانەی هەیە، کە فەلسەفە و زانست دوای هەوڵی زۆر پێیان گەیشتوون. ئەدەب بەوە دەناسرێتەوە ڕێگە نادات هیچ حەقیقەتێک تەمەنی درێژ بێت، بەڵکوو خێرا تێکی دەشکێنێت، با ئەو حەقیقەتە هیی خۆیشی بێت، مادام تەنیا دوای تێکشکانی، ئینجا وردەکارییەکانی دەردەکەوێت. بەم جۆرە تێکستی ئەدەبی کاتێ فۆرمی جیاوازی خۆی وەردەگرێت، کە شتە گەورەکان بۆ پارچەی وردورد دەگۆڕێت، بە ڕادەیەک بۆ هەر پارچەیەک سەربەخۆیی فەراهەم دەکات، بێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی بچڕانی ئەو پێوەندییە شاراوەی نێوانیان، کە لێرەدا گرنگیی مێتافۆر و ڕێتۆریک (مەجاز و ڕەوانبێژی) دەردەکەوێت، بەوەی زمانی ئەدەب زمانێکە پڕە لە پرۆبلەماتیک و ئیمبیگویتی، زمانێکە ڕێگەت نادات تەنیا بە یەک ئاڕاستەدا بیخوێنیتەوە. هەر لە سەرەتاوە ئەو تێگەیشتنە وای لێ دەکردم لە ڕاستەوخۆیی دوور بکەمەوە، بەڵکوو هەمیشە هەوڵ بدەم ماناکان بشارمەوە و لە ڕێگەی ئاماژەوە بیانگەیەنم. منداڵێکی بزێوم دەهێنایە بەرچاوم، کە دایکی لەگەڵ خۆی بۆ لای پووری دەبات، چونکە تازە منداڵێکی بووە و ئەو کۆرپەیە گوێچکەی نییە. دایکی ئامۆژگاریی دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک ناوی گوێچکە نەهێنێت، نەبادا دڵی پووری ئازاری پێ بگات. ئەویش بەڵێنی پێ دەدات بە لای ئەو وشەیەدا نەچێت. لەوێ بە پووری دەڵێت: ((لە ئێستاوە گوێزەری بدەرێ! ڕاستە هێشتا ددانی دەر نەکردووە، بەڵام خۆ دەتوانیت بۆی بکەیتە شەربەت. گوێزەر چاوی تیژ دەکات. ئەگەر چاوی کز ببێت، پێویستە چاویلکەی بۆ بکرێت. ئەوەیش قەیدی ناکات. ڕۆژانە زۆر کەس دەبینین چاویلکەیان هەیە، بەڵام پێم ناڵێیت ئەم منداڵەی تۆ چۆن بیکاتە چاوی؟)).

لەو سەردەمەی دەستم بە نووسین کردبوو، گفتوگۆ لەبارەی شێوە و ناوەرۆکەوە زۆر گەرم بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەو دووانەم وەک یەک دەبینی. پێم وا بوو ناوەرۆک شێوەیە و شێوە ناوەرۆکە. بە مانایەکی دروستتر، لە ئەدەب و هونەردا شتێک نییە بە ناوی شێوە، یان ناوەرۆک، بەڵکوو هەردووکیان وەک ئێسقان و گۆشتی کۆرپەلە بە هاوڕێکی پەیدا دەبن و گەشە دەکەن. ئەمیان ناکەوێتە پێش ئەوەی دیکەیانەوە. لێرەدا تێکستێکمان هەیە، قووڵە، چونکە کاری وردی تێدا کراوە و نووسەرەکەی خاوەنی دیدگەیەکی قووڵە، بەڵام لەوێدا تێکستێکی سادە دەبینین، بەوەی نووسەرەکەی سنووری تێگەیشتنی ڕۆژانەی تێنەپەڕاندووە. بەم شێوەیە لە یەکەمیاندا تەکنیکی گەورە و زمانی چڕمان هەن، دەنا هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبووە تێکستێکی قووڵ، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان مادام سادەیە، کەواتە تەکنیکی گەورەی تێدا بە کار نەهاتووە و زمانەکەی ساکارە. فێربوونی تەکنیکی نووسین پێوەندیی بە تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە بۆ ژیان. واتە نووسەر بەپێی ئەو تێگەیشتنەی بۆ خۆی و بۆ دەوروبەری هەیەتی، تەکنیک فێر دەبێت و دای دەهێنێت. دواتر بۆم دەرکەوت ڕەخنەگری ئەمەریکی (کلینت بروکس: Cleanth Brooks) لەبارەی شێوە و ناوەرۆکەوە دواوە و ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ئەوانە دەکات، پێیان وایە ئەدەب بیرۆکەی دیاریکراو لە خۆی دەگرێت. بۆ نموونە دەڵێن فلان تێکست باشە، بەڵام ناوەرۆکەکەی هیچ نییە، یان دێن بابەتێک کورت دەکەنەوە و دەڵێن ئەو چیرۆکە، یان ئەو شیعرە باس لەمە دەکات و ئەوەی مەبەستە. لەم شیعرەدا هەژاری چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەو شانۆییە لە چارەسەرکردنی گرفتی پێکەوەژیان و تەڵاقدا کورتی هێناوە. ڕاستییەکەی ئەوانە ئەدەب بە زانست تێگەیشتوون. بەکورتی (بروکس) باوەڕی وایە شێوە و ناوەرۆک دوو چەمکن، کە ڕەخنەگرە سادەکان بەو

مەبەستە پەنایان بۆ دەبەن، تاکوو پرۆسێسی لێکدانەوەی تێکست ئاسان بکەنەوە، دەنا هەردووکیان یەکێکن. یەکەمجار لە کتێبی (موسوعە أدباء امریکا)ی (د. نبیل راغب)دا (برۆکس)م ناسی، کە لە دوو بەش پێک دێت. ئەو کتێبە بۆ من و هاوڕێکانم یەکێ بوو لە سەرچاوە گرنگەکان.
لای ئێمە ئەم دۆخە تاکوو ئەمڕۆیش بەردەوامە، کە ڕەخنەگری دیمۆتیک ڕۆمانێکی گەورە تەنیا لەبەر وشەیەک ڕەت دەکاتەوە، کە خۆی پێی وایە هەڵەیە، بێ ئەوەی باس لەوە بکات بۆچی هەڵەیە. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕەخنەگرێک لەبارەی بەرهەمی نووسەرێکەوە هەندێک شتی نووسیبوو، کە چ من و چ هاوڕێکانم بە هەموو سادەییی خۆمانەوە قاقامان لێ دەدا. لە منیان پرسی: ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟ گوتم: ئەکتەرێک لە فیلمێکدا بەشداری دەکات و ڕۆڵی کەسێک دەبینێت، کە ئەو کەسە دەستێکی قرتاوە. هەر ئەو ئەکتەرە لە فیلمێکی دیکەدا دەردەکەوێتەوە و ڕۆڵی کەسێکی دیکە دەبینێت، کە سێ دەستی هەن. ڕەخنەگرێک ڕەخنە لە فیلمی یەکەم دەگرێت و هەموو ڕەخنەکەیشی ئەوەیە، کە ئەکتەرەکە بە ڕاستی دەستی نەبڕاوەتەوە. بەڵگەی چییە؟ لە فیلمی دواتردا نەک دوو دەست، بەڵکوو سێیانی هەن. هەرگیز بە لای ئەوەدا ناچێت، کە ئەکتەر کاری ئەوەیە ئاکتی کەسانی دیکە بکات و مەرج نییە ڕووداوەکان ڕاستەقینە بن. ئاخر ئەگەر ئەکتەرێک بۆ ئەوەی ڕۆڵی کەسێک ببینێت دەستی بڕابێتەوە، پێویستە بە ڕاستی دەستی ببڕێتەوە و لەوەی دیکەیشیان قاچێکی لێ بکرێتەوە، بەشی چەند فیلم دەکات؟ هەر کاتێ دەزانیت یەک ئەندامی لەشی نەماوە. هەر بەم شێوەیە ڕەخنەگر فیلمی دووەمیشی بە خراپ دەزانێت، بگرە دەڵێت سەرجەم کارەکانی لاوازن، مادام بۆی دەرکەوتووە و بەڵگەی هەیە بە ڕاستی دەستی نەبڕاوەتەوە. ئەمڕۆ پێم وایە ڕەخنەی ڕەخنەگری میللی بۆیە هێندە لاوازە، چونکە پشت بە بەڵگە دەبەستێت. پێویستە جیاوازی لە نێوان لۆژیک و بەڵگەدا بکەین، کە دوو شتی تەواو لە یەکدی جیاوازن. کاتێ دەڵێین لۆژیک، مەبەستمان لە لۆژیکی ناوەوەی تێکست خۆیەتی، نەوەک لۆژیکێکی دیکە. لە بڕیاری ڕەخنەگری میللیدا ئەوەی زیانی پێ ناگات، تێکستی سادەیە، چونکە ئەو تێکستە هەمان زمان و تێگەیشتنی ڕۆژانەی هەیە. بەڵگەی زۆری هەن، کە لە واقیع نزیکە، بگرە هەر خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان لاساییکردنەوەی واقیعە. سەیر نییە ڕەخنەگری میللی هێندە بەو تێکستانە سەرسامە، کە سەری لێیان دەردەچێت. شتەکە لەگەڵ تێکستی قووڵدا تەواو جیاوازە. بۆ ئەوەی تێکستێک وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیاواز پێک بێت، پێویستی بەوەیە مەودایەکی فراوان لە نێوان خۆی و ئەو واقیعەدا بخوڵقێنێت، کە لە ناویدا پێ گەیشتووە. ئەمە وا دەکات خوێنەر ڕێگە بە خۆی نەدات بە هەمان پێوەری واقیع بیخوێنێتەوە، بەڵکوو ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت هەوڵی دۆزینەوەی کۆدەکانی بدات و تایبەتمەندییەکانی بناسێتەوە. ڕەخنەگری میللی کاری ئاوای لە دەست نایەت، بۆیە پەنا بۆ بڕیار دەبات و بە چەند وشەیەکی حازربەدەست دەیسڕێتەوە. پێشتر بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوە دواوم و ڕەنگە لە ئاییندەیشدا بۆی بگەڕێمەوە. ئێستا هێندە دەڵێم من ئەمڕۆ لە سەرتاپێی ئەو جۆرە ڕەخنەیەی کوردیدا یەک ناو نادۆزمەوە چوار دێڕی بەکەڵکی نووسیبێت. لەم ڕووەوە لەگەڵ یەک دووانێکیاندا گفتوگۆم کردووە و لێم پرسیون، ئاخۆ مەبەستیان لەم چەمک و لەو چەمک چییە، کە بە کاریان هێناون و کۆنتێکستەکانیان لە کوێن، بەڵام نەیانتوانیوە وەڵام بدەنەوە، بگرە خۆیان لە پرسیارەکانم دزیوەتەوە، چونکە دەزانن ئەو چەمکانەیان لە دەستی چوارەم و پێنجەمەوە وەرگرتووە و کۆنتێکستەکانیان ناناسن.
ساڵی هەشتاوپێنج لە مێژووی ژیانمدا زۆر تایبەتە، کە چیرۆکێکیشم لە ژێر ئەو ناونیشانەدا نووسیوە و ئەندامێکی کۆمەڵەی (منارەی ئاوەدانی)یە. گەلێجار دەڵێم مێژووی خوێندنەوە لای من لەو ساڵەدا دەست پێ دەکات، چونکە بۆ یەکەمجار فێر بووم لە کاتی خوێندنەوەدا قەڵەمێک بە دەستەوە بگرم و بەردەوام سەرنجەکان لای خۆم بنووسم. لەو ساڵەدا لە ڕووم هات دووان لە چیرۆکەکانم پێشانی

کۆمەڵێک هاوڕێ بدەم. هەر ئەو ساڵەیش لە زانکۆ وەرگیرام و قۆناغێکی دیکەی نوێ لە ژیانمدا دەستی پێ کرد، بەوەی کۆمەڵێک هاوڕێی ئەدەبدۆستی دیکەم ناسین. وەک پێشتر گوتوومە لە مووسڵ بەردەوام دەمنووسی، بەڵام کێشەم ئەوە بوو دەستوخەتم ناخۆش بوو و زوو لێی بێزار دەبووم، بۆیە زۆربەیانم بۆ تەواو نەدەکران. بۆ (عەزیز حەسەن مەولان)ی هاوڕێمم دەخوێندنەوە، یان بۆم دەگێڕانەوە، کە وەک پێشتر گوتوومە هەمیشە پێکەوە بووین و بەردەوام دەمانخوێندەوە. هەندێجار لەناو بووسدا کۆمەڵێک سەرنجم دەنووسین، بۆ ئەوەی دواتر بە کاریان بهێنم. ڕاستییەکەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1995)دا بە هۆی (هەڵکەوت عەبدوڵڵا)وە کۆمپیوتەرم لە نزیکەوە ناسی و کەوتمە تایپکردنی بەشێکی زۆری ئەو دەستنووسانەی لام بوون. هەر ئەودەم دەستم دایە نووسینی چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)، کە پێشتر هەرگیز چیرۆکی هێندە درێژم نەنووسیبوو. دەتوانم بڵێم لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا تەواوم کرد، کە ئەو ئەزموونە لە ژیانمدا زۆر تایبەتە و لەوانەیە ڕۆژگارێک بە جیاواز باسی بکەم. بە چیرۆکی (خێو)یشدا چوومەوە و بە شێوازێکی دیکە دام ڕشتەوە، کە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی زانکۆی مووسڵم وەرگرتبوو. کردمە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی (ئەسپیدیلۆن)، چونکە لەگەڵ ئێتمۆسفێری ئەو چیرۆکانەدا ڕێک دەکەوت. هەروەها کاتێ بە چیرۆکی (مەرگ لەسەر شێوازی شیعر)دا چوومەوە، ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!) و چیرۆکی (کارگەی بووکەشووشە) لە دایک بوون. مەبەستم نییە باسی ئەزموونی دوای ڕاپەڕینم بکەم، بەڵکوو تەنیا ویستم ئاماژە بە ڕۆڵی کۆمپیوتەر بدەم لەوەی چۆن نەک هەر بەرهەمەکانی پێشوومی لە فەوتان ڕزگار کرد، بەڵکوو توانای ئەوەیشی پێ دام خێراتر لە پێشوو بنووسم. هەمیشە گوتوومە نووسین بە کۆمپیوتەر ئەو هەستەم دەداتێ بە گیانێکی دۆنکیشۆتانە لە بەرانبەر دەعبایەکدا بجەنگم، کە وا دەزانم مەملەکەتی بیرکردنەوەمی داگیر کردووە و دەمەوێت لێی بستێنمەوە. ئینجا چونکێ هەرگیز ئەو شەڕە نابەمەوە، بۆیە ئەو تێکشکانە ڕێگەم لێ دەگرێت بگەمە خاڵی کۆتایی. کەواتە هەر ڕۆژێک شەڕێکی نوێ دەست پێ دەکەمەوە. قەڵەم وا نەبوو. هەستم دەکرد بەشێکە لە خۆم، بگرە وام دەزانی یەکێکە لە پەنجەکانم، بۆیە شەڕەکەیش مانایەکی دیکەی جیاوازی دەگەیاند.

هەر لە ساڵی هەشتاوپێنجدا شاری سلێمانیم لە نزیکەوە ناسی، کە پێشتر تەنیا بە سەفەر بۆی چووبووم، بەڵام نایشارمەوە لە منداڵییەوە ئەو شارە سەرنجی ڕاکێشاوم. ڕەنگە هۆکاری یەکەمی ئەو سەرسامییەم، کتێبی (ئەلفوبێی باڵدار) بووبێت، کە هەم فێری دیالێکتی سلێمانیی کردم و هەم وێنەیەکی ئەو شارەی خستە بەرچاوم. ڕاستە لەو کتێبەدا بە یەک وشەیش باسی سلێمانی نەکراوە، بەڵام من وام دەزانی هەموو کارەکتەرەکان هیی ئەوێن. دەشێ هۆکاری دووەم، بەرهەمی هونەری بووبێت، بەوەی هەمیشە پێوەندیم بە هونەرەوە هەبووە. لە ڕێگەی هاوڕێیانی زانکۆوە چوومە ناو کونوکەلەبەری ئەو شارەوە، بۆیە هەر زوو لە چیرۆکی (مەرگ لەسەر شێوازی شیعر)دا ڕەنگی دایەوە، کە لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی کۆلیژمدا نووسراوە. من هەمیشە ئەو تێگەیشتنە زۆر بە سادە و هەژار دەزانم، کە لەسەر ئەم سێ کەستەک (تۆپەڵەقوڕی وشک)ـە دامەزراوە: یەکەم، شارێک لە هەموو ڕوویەکەوە لە شارێکی دیکە جیاوازە... دووەم، سەرجەم ئەوانەی لەناو سنووری ئەو شارەدان، وەک یەک وان... سێیەم، ئەو دۆخە ئەزەلییە و بۆ هەتاهەتایە، بەڵام پێم وایە هەر شارە و خاوەنی چەند خەسڵەتێکی تایبەتی خۆیەتی، کە ئەو خەسڵەتانە بۆ ماوەیەک دەردەکەون و کاریگەری جێ دەهێڵن. من شانازی بە هیچ شتێکەوە ناکەم، مادام لە لایەک وەک (نیتشە) پێی وایە هەموو شتێک ڕابوردووە و دەبێت تێبپەڕێنرێت، لە لایەکی دیکەیش شتێک نییە لەم گەردوونەدا لەسەر دژایەتی دانەمەزرابێت، کە ئەو دژایەتییانە درەنگ یان زوو وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت هەڵدەوەشێنەوە و دۆخی ئەو ماتریاڵە دەگۆڕن. بەم شێوەیە شانازی بە شوێنێکەوە هەر ناکەم، کە دوور لە ویستی خۆم تێیدا

هاتوومەتە دنیاوە، بەڵام بێگومان گرنگیی ئەو ڕابوردووە لەوەدا دەبینم چیی لام جێ هێشتووە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم. بە مانایەکی دیکە چۆنی تێدەپەڕێنم. دوور لە خواستی خۆم لە هەولێر لە دایک بووم، بەڵام بە ویستی خۆم چوومە سلێمانی، بۆیە هەردووکیان ڕابوردووی منن و شانازییان پێوە ناکەم، بگرە دەمەوێت مێتافیزیکییانە تێکیان بشکێنم. هەر قسەکردنێک لەبارەیانەوە، قسەکردنە لەبارەی بەشێکی ڕابوردوومەوە. بەڵێ، زوو جیاوازیی نێوان دانیشتووانی سلێمانی و هیی هەولێرم بە هاوڕێکانم گوت: ((خەڵکی سلێمانی پێت دەڵێن: مەیەرە شارەکەم، لە ماڵەکەماندا چی دەکەیت، بیکە، لە کاتێکدا هەولێرییەکان پێت دەڵێن: لە ماڵەکەم نزیک مەبەرەوە، بەڵام شارەکە بۆ خۆت!)). هەموو ئەوانەی دەچنە هەولێر، خێرا ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت، کە لەو شارەدا نەک نامۆ نین، بەڵکوو دەکرێت خۆیان ببنە خاوەنی، بەڵام لێرەدا شتێک نابینن، ئەویش ئەوەیە، کە ئەمە نیشانەی کرانەوە نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە نیشانەی داخراوییە. هەر تاک و گرووپێکی دەرەوە دەتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری ئەو شارە، بێ ئەوەی نەک هەر ڕووبەڕووی ناڕەزایی ببێتەوە، بەڵکوو وایش هەست بکات چاکەی گەورەی لەگەڵدا کردوون، بە چاوپۆشین لەوەی چۆنی بە ڕێوە دەبات. هەر ئەمەیشە وا دەکات لەو شارەدا ناڕەزایی نەبێت، یان کەم بێت، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە، وردتر لەو کاتەوە کەسە یاخییەکانی ئەو شارە ڕاو نران و دەربەدەر کران. دەی، با ئەو تاک و گرووپانە لە ماڵەکەی نزیک ببنەوە، بزانن بە هەمان شێوە بێدەنگ دەبێت! زۆرترین شەڕ و پێکدادانی هەولێرییەکان پێوەندییان بە ماڵەوە هەیە، بۆیە شەڕی کۆڵان، شەڕی نێوان دەراوسێ لەسەر جۆگەی چڵپاو، منداڵ، پەلەوەر و هیی دیکە، دیاردەیەکی بەرچاوە، لە کاتێکدا لە شوێنە گشتییەکاندا دەگمەنە. لە سلێمانیدا شتەکە پێچەوانەیە، شەڕ و پێکدانانی نێوان خەڵک زیاتر لە شوێنە گشتییەکاندا ڕوو دەدەن، نەوەک لە کۆڵان. واتە ئەو شەڕانە کەمتر پێوەندییان بە ماڵەوە هەیە. ئێمە دەتوانین بڵێین بەرلین شارێکی کراوەیە و لەسەر ئاستی جیهانیشدا وا ناسراوە. بۆیە دەتوانین ئەوە بە بەرلین بڵێین، چونکە بە ئاشکرا لە پشت ئەو کرانەوەیەیدا هۆشیارییەکی گەورە دەبینین. لە بەرلیندا هەر بۆچوون و هەڵسوکەوتێک دەتوانێت ئازاد بێت، بەڵام ئایا لە هەولێردا وایە؟ ئەگەر بەرهەمی کرانەوەیی بەرلین بە ڕوونی هەست پێ دەکەین، ئەدی کوا بەرهەمی کرانەوەیی هەولێر؟ هەولێرییەکان ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە، دەرەوەی سنووری ماڵیانە، بەڵام ماڵی سلێمانی بەو ئەندازەیە داخراو نییە. لە بەرانبەردا ئەمەیش نیشانەی کرانەوەیی نییە، چونکە ئەوان پێچەوانەی بەرلینییەکان شارەکەیان تەواو داخستووە، لە کاتێکدا ئەوەی شار دادەمەزرێنێت و گەشەی پێ دەدات، ئەوانەن لە دەرەوە ڕووی تێدەکەن وەک پێشتر لە گوتاری (کێ شار دادەمەزرێنێت، فریشتە، یان ئیبلیس؟)دا باسم کردووە.(6) کاتێ ڕێگەت دەکەوێتە ماڵێکی ئەو سلێمانەییەی، لە دەرەوە شوێنێکت پێ ڕەوا نابینێت، لەوێدا ئامادەیە تاکوو بەیانی نوکتەت بۆ بگێڕێتەوە و نەهێڵێت هەست بەوە بکەیت میوانیت، لە ساتێکدا ئەگەرچی ئاسان نییە ڕێت بکەوێتە ماڵی هەولێرییەوە، بەڵام ئەگەر ڕێت تێکەوت، ئەوا هەر خێرا لەوە دەگەیت چەند زووتر جێی بهێڵیت، هێندە زیاتر یارمەتیی ئەوان و هیی خۆیشت دەدەیت. نوکتە و قسەی خۆش لە هەولێر کەمن، مادام ئەوانە بۆ دەرەوەی ماڵی دەبەن، بەوەی ڕێگەن بۆ پێوەندیکردن بە کەسانی ترەوە و دەبنە هۆی تێکشکانی دیواری ئەو ماڵەی، کە لە هەر شتێکی دیکە زیاتر لای گرنگە. مرۆڤ هەندێجار سەری لەوە سووڕ دەمێنێت چۆن سلێمانەییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پێش ڕاپەڕین، بەو شێوەیە یەکتر دەناسن، لە کاتێکدا مرۆڤی هەولێر بەشێکی زۆری دەراوسێکانی هەر نەدیوە. کەلوپەلی ناوماڵی هەولێری و سلێمانی لە یەکتر جیاوازن، کە ئەوانەی هەولێر تایبەتن بە خۆیان، وەک بڵێی ڕێگەی هیچ کەسێکی بێگانە نەدەن، بە کاریان بهێنێت، لە کاتێکدا کەلوپەلی ناوماڵی سلێمانی هێندە داخراو نین. ئەوان وەک هەولێرییەکان لەسەر ماڵ شەڕ ناکەن، بۆیە مێیینەیش ئەو کۆنترۆڵە گەورەیەی لەسەر نییە وەک

لە هەولێردا لەسەریەتی. هەر سەیرکردنێکی مێیینە لە هەولێردا وا لێک دەدرێتەوە هێرشە بۆ ماڵ. بەم شێوەیە پاراستنی مێیینە لە نێرینەی دەرەوە، هەمان پاراستنی ماڵە لە بێگانە. ژنی هەولێری لە گۆرانی، شانۆ، سینەما، وەرزش و بواری دیکە نزیک نابێتەوە، چونکە ئەوانە هیی دەرەوەی ماڵن و پێوەندییان بە شارەوە هەیە، بەڵام ژن لە سلێمانیدا تا ئەو ڕادەیە دانەخراوە، بەوەی شار بۆ ئەوان، (مەبەستم بۆ خۆیانە)، گرنگە. ژن کاتێ دەچێتە دەرەوە، وەک ئەوە وایە هێشتا لە ماڵ بێت، بگرە لەوێ زیاتر هەست بە بوونی خۆی دەکات، بەڵام دەرەوەی ماڵ بۆ هەولێری هەرگیز شوێنێکی ئارام و ئاسوودە نییە، تاکوو ڕێی مێیینە بدات بۆی بچێت. سلێمانەییەکان لە هەموو سەردەمێکدا نارەزاییان لە ئاستی دەستەڵاتدا دەربڕیوە، چونکە بەرگەی ئەوەیان نەگرتووە بێگانە لە شاریاندا ببینن. بەکورتی سلێمانی بۆ ئەوەی ماڵێکی کراوەی هەبێت، شارەکەی داخستووە، لە کاتێکدا هەولێری لەپێناوی پاراستنی ماڵەکەی لە هەر بێگانەیەکدا، شارەکەی خستووەتە سەر پشت، بگرە هەر تەواو دەستی لێ هەڵگرتووە. بەم شێوەیە هەولێری پاسەوانی ماڵەکەیەتی، نەبادا یەکێ لێی نزیک ببێتەوە و سلێمانەیی توند شارەکەی لە باوەش گرتووە، نەوەکا بێگانەیەک بەری بکەوێت و گۆڕانی بەسەردا بهێنێت، چونکە ترسی گەورەی لەوەیە، بگرە دەرەوە بۆ ئەو فۆبییایە. دەتوانم بڵێم (شار) ماڵی سلێمانەیی و (ماڵ) شاری هەولێرییە. لە هەردووکیاندا داخرانی کوشندە هەن، بەڵام بە دوو شێوازی جیاواز، کە ئەمە لای بەشێکی زۆری نووسەرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. سلێمانەیی هێندەی بە شارەکەیدا هەڵدەڵێت، هێندە بە لای باسی ماڵەکەیدا ناچێت، لە کاتێکدا هەولێری وەک چۆن هەر ناوی شارەکەی ناهێنێت، هەوڵی گەورەیش دەدات چەند بۆی بکرێت قسە لەبارەی ماڵەکەیەوە نەکات. ڕەنگە تەنیا هەولێرییەکان خۆیان بزانن شوورەیییە هەولێرییەک بڵێت: من هەولێریم. بەم شێوەیە (هەولێری)، ئاوەڵناوێکە لە دەرەوەی (هەولێر)دا بە کار دێت، دەنا لە ناوەوە، لەسەر زمانی خۆیاندا وشەیەکی وا نابیستیت، بۆیە هەموو ئەو نوکتانەی بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن: (هەولێرییەک وا هات)، (هەولێرییەک وا چوو)، (هەولێرییەک وای گوت) و هیی دیکە، لای ئەوان بێنرخن و کاریگەرییان نییە، مادام خۆیان لەناو ئەو وشەیەدا نادۆزنەوە، بگرە ئەوان ئاوەڵناوی (هەولێری) بە کەم سەیر دەکەن و لە خۆیانی دوور دەخەنەوە. ئەگەرچی تێرمی ئیفەمیزم (Euphemism)، واتە بەکارهێنانی وشەیەک لە جیاتیی وشەیەکی دیکەدا، کە دەشێ ناوهێنانی ئەو وشەیە بە عەیبە دابنرێت، لە زمانی کوردیدا وەک زمانی هەر کەلتوورێکی دیکەی سەرەتایی، دەستەڵاتێکی گەورەی هەیە، بەڵام لە هەولێردا هەر تەواو زاڵ دەبێت، بۆیە سەیر نییە زۆر وشە هەن بۆ شتی دیکە گۆڕاون. بۆ نموونە (داکی منداران: دایکی منداڵان) لە جیاتیی ناوی هاوسەر بە کار دەهێنرێت. بەردەوام دەستەواژەی (عەیب نەبی)ی لەسەر زمانیانەوە دەبیستیت. ئەوەیش سەیر نییە زۆر شت هەن لەو شارەدا هەر ناویان نازانرێت، لە کاتێکدا ئەمە لە سلێمانیدا بە شێوەیەکی دیکەیە، چونکە دەرەوە، (مەبەستم شارەکەی خۆیانە)، بۆ ئەوان هێندە جێگەی ترس نییە و دەتوانن بە ئاسانی دڵی خۆیانی تێدا بکەنەوە. دەمێکە لە خۆم دەپرسم: بۆچی زۆربەی (ێ)یەکان لە هەولێردا دەبنە (ی)؟ واتە لە (ی)ی کراوەوە بۆ (ی)ی داخراو دەگۆڕێن. هەولێری شەرمن و کەمدووە. هەر لە یەکەم سەرنجەوە بۆت دەردەکەوێت هەولێری ڕا نەهاتووە بە زمانی ڕەوان بدوێت و باسی شتەکانی خۆی بکات، چونکە ئەوەی هەیەتی، تەنیا ماڵە و نایەوێت نهێنییەکانی ئەو ماڵەی لای کەسی بێگانە بدرکێنێت. هەولێری ئیشکەرە، چونکە تەنیا ئەو شتانە بە هیی خۆی دەزانێت، کە لەناو سنووری ماڵەکەیدان، بۆیە چەند لە توانایدا بێت شت لە دەرەوە بۆ ماڵەکەی دەگوازێتەوە. لە بەرانبەردا هەوڵ دەدات کەمتر شتی ماڵەکەی بباتە دەرەوە. واتە کەمتر خەرج دەکات و حەزی لە دەستبڵاوی نییە. ئەمە لە سلێمانیدا بە شێوەیەکی دیکەیە. ئەوەی دەچێتە دەرەوە وەکوو ئەوە وایە هێشتا لە ماڵەکەدا بێت، بگرە لەوێ بێت، چاکترە. هەر هەولێرییەکان خۆیان دەڵێن: سلێمانییەکان دڵتەڕن، کە ئەمە نەک

ئێرەیی نییە، بەڵکوو وەک خەسڵەتی دەستبڵاوی و گوێنەدان بە ماڵی دنیا دەدرێتە پاڵیان. بەکورتی (دڵتەڕی) لای ئەوان خەسڵەتێکی نەگەتیڤە و خۆیانی لێ دەپارێزن، چونکە لە ماڵیان دوور دەخاتەوە و دەیانباتە دەرەوە. ئەوان کەمتر لەو شوێنانەی بۆ سەرگەرمی کراون وەک کازینۆ، یانە، کافێ و هیی دیکە کات بە سەر دەبەن. ئەگەر کتێبێک بۆ نموونە لەبارەی نانەواکانی، یان سەرتاشەکانی سلێمانییەوە بنووسیت، ئەوا بەشێکی زۆری خەڵکی شارەکە دەیانەوێت بیخوێننەوە، چونکە وا هەست دەکەن پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام لە کتێبێکدا باسی خەڵکی هەولێرت کردووە و ناوی سێیانەت هێناون، بە لای زۆریانەوە گرنگ نییە، ئەگەر نەگوترێت پێیان ناخۆشە، بەوەی وا لێکی دەدەنەوە لەو ڕێگەیەوە دەچیتە ناو ماڵیانەوە. بەم شێوەیە نووسەرێک لە سلێمانیدا چاوی هەڵهێنابێت زۆر زووتر لە نووسەرێکی دیکە دەناسرێت، کە هیی هەولێرە، بەوەی ئەوان یەکتر دەناسن و بەرهەمی نووسەر و هونەرمەندان لە سنووری شار، نەوەک لە هیی ماڵدا دەبینن. هێندەی سەرنجم دابێت کتێبی منداڵیم، کە ناوی سەدان کەسی هەولێری تێدا هاتووە، لە سلێمانیدا زیاتر خوێنراوەتەوە. هەندێک پێیان سەیرە، کە هەولێر سەرەڕای ئەوەی شارێکی خۆپارێزە و بەشی زۆری خەڵکەکەی دیندارن، بگرە لەم دنیایەدا شارێکی دیکە نییە هێندە پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت، کەچی ڕێژەی ئەوانەی چوونەتە پاڵ گرووپە ئیسلامییەکانی وەک (قاعیدە) و (داعش) لەوێدا زۆر نزمە، ئەگەر نەگوترێت هەر نییە. ئەوانە بۆیە ئەوەیان پێ سەیرە، چونکە نازانن هەولێری دەرەوەی ماڵەکەی زۆر بە خەیاڵدا نایەت، بەڵکوو بە بێدەنگی لە ژوورەوەدا، هێندەی پێی بکرێت، پێڕۆیی ئەو ڕێنوێنییانە دەکات، کە دینەکەی فەرزی کردوون. ئەو ڕێژەیە وەک خۆی دەمێنێتەوە، کاتێ دەمانەوێت بزانین چەند کچ و کوڕ لەو شارەدا چوونەتە ڕۆژاوای کوردستان و بوونەتە پاڵپشتی ئەو کچ و کوڕانەی لە دژی هێزە ئیسلامییەکاندا بەرگری لە بوونی خۆیان دەکەن؟ ئەو ڕێژەیە لە شارەکانی دیکەی وەک سلێمانی، هەڵەبجە، ڕانیە، قەڵادزێ و ئەوانەی دیکەدا زۆر بەرزترە، تەنانەت شارەکانی دەوروبەری وەک کۆیە، شەقڵاوە، ڕواندز، دیانا و چۆمان لەو ڕووەوە لە خۆی جیاوازن. وەک چۆن لەو شارانەدا ژمارەیەکی بەرچاو چەکیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی هەڵگرتووە، بە هەمان شێوە ژمارەیەکی زۆریش شانبەشانی کچ و کوڕەکانی ڕۆژاوا لە دژی ئەو دەوڵەتەدا دەجەنگن، کە ئەمە مانای وایە لە هەولێردا جووڵە کەمە، ئینجا گرنگ نییە ئەو جووڵەیە بە چ ئاڕاستەیەکدایە. ڕاستە هەر شارێکی ئەم دنیایە بگریت لەسەر کۆمەڵێک وەهم دامەزراوە، بەڵام وەهمەکانی خەڵکی سلێمانی بێئەندازەن و زۆر لە هیی خەڵکی هەولێر قورسترن، بۆیە پێم وایە دروستبوونی تاک و دامەزراندنی شار لە یەکەمیاندا سەختترە و ماوەی زیاتری دەوێت. هەولێری زۆرکەم جووڵاوە و هەستی بە شار هەر نەکردووە، لە کاتێکدا نەشیویستووە هیچ لەبارەی ماڵەکەیەوە بڵێت، بگرە وەک گوترا هەمیشە هەوڵی داوە بیشارێتەوە. بە مانایەکی دیکە هێندە پێویستی بەوە نەبووە چیرۆکیان بۆ هەڵببەستێت، بۆیە بوونەوەرێکی کاڵ و سادەیە و بە شێوە سرووشتییەکەی خۆی ماوەتەوە، بەڵام سلێمانەیی گیرۆدەی دەستی ئەو وەهمانەیە، کە بەردەوام لە ڕێگەی هەڵبەستنی چیرۆکەوە کەڵەکەی کردوون. هەولێری منداڵێکە، هێشتا نە زمانی گرتووە و نە پێ، بەڵام سلێمانەیی تەمەنی پێنج شەش ساڵانە و چووەتە دەرێ. ئەوەی بیستوویەتی، تەنیا چیرۆکە. وەک دەروونناس و پەروەردەکاران پێی لەسەر دادەگرن منداڵ لەو قۆناغەدا ناتوانێت دنیای ڕیاڵ لە هیی خەیاڵ جوودا بکاتەوە. بە مانایەکی دیکە چ خەونەکانی و چ ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەیش، کە دەیانبیستێت، بە ڕاست تێدەگات. ئەم منداڵە بەشێکی کاتی خۆی بە یاریکردن لەگەڵ ئەو منداڵەی تردا بە سەر دەبات، کە ناوی هەولێرییە و هێشتا لە باوەشی دایکیەتی. هەرگیز نوکتەی سلێمانەیی لەسەر هەولێری لەبەر ئەوە نییە ڕقی لێیەتی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە هێشتا ئەو (هەولێری) ساوایە و وەک خۆی نە زمانی گرتووە و نە پێ، کە ئەمە نیشانەی ساویلکەییەتی

(سلێمانەیی)، لە کاتێکدا ئەو نوکتانە کاریگەری و وەڵامدانەوە لای ئەو ساوایە (هەولێری) ناهێننە کایەوە، بۆیە ئەویش بە هەمان شێوە نوکتە لەسەر ئەم هەڵنابەستێت، کە ڕاستییەکەی ئەمە هەر لە توانای ساوایەکی وا بەدەرە. وەک گوترا ئەو منداڵە (سلێمانەیی) سنووری خەیاڵ و ڕیاڵی لێ بووەتە یەک. دنیایەکی بچکۆلەی هەیە و ئەوەی بەری دەکەوێت، تەنیا ئەو ساوایەیە، تاکوو کاتی لەگەڵدا بە سەر ببات. بە مانایەکی دیکە هەر ئەوی دەست دەکەوێت یاریی لەگەڵدا بکات و ئەو یارییە سادەیەیش بە سەرچاوەی چێژی خۆی دەزانێت. هەتا خەریکی ئەو گەمەیە بێت، مانای وایە هێشتا منداڵە و خەیاڵ لە ڕیاڵ جوودا ناکاتەوە، بەڵام شتێک نە بە ناوی ڕق و نە بە ناوی ئێرەیی لە ئارادایە. لە چیرۆکێکی (ئیزۆپ)دا (مرۆڤ) و (شێر) پێکەوە پیاسە دەکەن و چاویان بە وێنەیەک دەکەوێت، کە لە وێنەکەدا (مرۆڤ) (شێر)ی لە ژێر خۆی ناوە. یەکەمیان بە شانازییەوە بە دووەمیان دەڵێت: ((بزانە ئێمە چەند لە ئێوە ئازاترین!)، بەڵام ئەو بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: ((ئەگەر شێر نیگارکێش دەبوو، ئینجا دەتزانی چۆن مرۆڤ دەکەوتە ژێرەوە!)). دیارە (هەولێری)ی ساوا زۆر دوورە لەوەی شوێنی ئەو (شێر)ە بگرێتەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک مەبەستم نییە بەو ئاژەڵەی بچوێنم، بەڵکوو تەنیا دەمەوێت بڵێم وێنەکە شتێکی ساختەیە. ئایا ئەو وێنەیەی (سلێمانەیی) بۆ (هەولێری)ی کێشاوە، ڕاستەقینەیە؟ بەکورتی منداڵێکی پێنج شەش ساڵان کێشاویەتی، کە ئەمە لە توانای ساواکەی باوەش بەدەرە. مرۆڤ دەتوانێت لەناو ڕۆشنبیرەکاندا ئەوە بە دی بکات چۆن بەشێکی کاتیان بە نوکتە لەسەر هەولێری بە سەر دەبەن، بێ ئەوەی مەبەستیان هەڵڕشتنی ڕق بێت، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە هەست بە جیاوازیی نێوان خۆیان و ئەو ساوایە دەکەن، کە نە زمانی گرتووە و نە پێ. هەتا ئەگەر ڕقیش هەبێت، ئەوا لە سنووری تێگەیشتنی منداڵێکدا دەمێنێتەوە، کە بنەمای بتەوی نییە و ناگاتە ئاستی چەپەڵی (Hatred). بە مانایەکی دیکە ئەوان لەو دنیا بچکۆلەیەی خۆیاندا پێویستیان بە هاودەمێکە، بەڵام لەو ساوایە زیاتریان دەست ناکەوێت. (هەندێکیان چەند کتێبیان نووسیوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە ئەو تەمەنە تێبپەڕێنن. واتە هەر بەو تێگەیشتنە پریمەتیڤە دەنووسن. سەیر نییە ئەوانە کاتێ لەبارەی هەندێک چەمکی فکری و ئەدەبییەوە دەدوێن، مرۆڤ دەهێننە قاقای پێکەنین، چونکە وەک ئەوە وایە منداڵێکی پێنج شەش ساڵان پاڵ بە لۆرییەکی گەورەی شکاوەوە بنێت و بیەوێت بە هەورازێکی سەختدا سەری بخات). دەروونناس و پەروەردەکاران پێیان وایە منداڵ لەو تەمەنەدا، واتە لە تەمەنی ئەو منداڵەی ناوی (سلێمانەیی)یە، تووشی دۆخی گشتگیری (Generalization) دێت. شتەکان زیاتر لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەبینێت. ئەگەر لە پشیلە ترسا، ئەوا لە کەروێشکیش دەترسێت... ئەگەر شەربەتی لا خۆش بوو، دەشێ بەنزینیش بخواتەوە، چونکە ئەوانە وەک یەک دەکەونە بەرچاوی و ناتوانێت جیاوازیی نێوانیان بدۆزێتەوە، مادام هەردوو ئاژەڵەکە لە لایەک و هەردوو شلەمەنییەکەیش لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ڕووی دەرەوەدا هەندێک خاڵی هاوبەشیان هەن. بەم لۆژیکە (سلێمانەیی) هەموو تاکەکانی هەولێر وەک یەک دەبینێت، بۆیە بەشێکی ئەو ڕۆشنبیرانە لەو قۆناغە سەرەتاییەی تەمەنیاندا، کە لە پێنج ساڵ تێناپەڕن، ناتوانن باوەڕ بهێنن لە شارێکی ئاوادا جیاوازی هەبێت. ئایا ڕێی تێ دەچێت لە هەولێردا نووسەر و هونەرمەندی داهێنەر پەیدا ببن؟ ئەمە پرسیاری ئەو ڕۆشنبیرانەیە و بەرهەمەکەیشی بە ڕوونی دەرکەوتووە. دەگەمە ئەوەی بڵێم: لە سلێمانیدا کاتێ گۆڕانکاری دەست پێ دەکات، کە ئەوان شارەکە وەکماڵیان دەخەنە سەر پشت و ئەو چیرۆکانەی بیستوویانن، وەک چیرۆک گوێ لێ دەگرن. بە مانایەکی دیکە بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، بەڵام لە هەولێردا ئەو گۆڕانکارییە تەنیا بەوە دێتە دی، کە دەرگە و پەنجەرەی تۆکمە و ئەستووری ماڵیان بشکێنن و بێنە دەرەوە. ئەمانە سەرنجی منن وەک نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە، کە پێوەندیی ڕاستەوخۆم بە سۆسیۆلۆجیاوە هەیە و بەردەوام شار چ وەک شوێن و چ وەک زەمەن لە بەرهەمەکانمدا بووەتە پرسیار.

واتە کارم ئەوەیە نهێنییەکانی ئەو پێوەندییە دەربخەم، کە لە نێوان تاک و شاردا هەیە. وەک گوتوویشمە (چی باشە و چی خراپە؟) لە ئەدەب و فکردا شوێنێکی نییە، بەڵکوو هەموو شتێک لە سنووری ڕامان و پرسیاردا دەمێنێتەوە. ئێستا لێرەوە بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێمەوە، کە تێیدا باسی ئەدەبی ژیاننامە کرا، بەوەی پێم وایە ئەو ئایدیایانە بەرهەمی تێڕوانینی منن بۆ ژیانی خۆم و دەوروبەر، کە دەکرێت لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگ بدەنەوە. دیسان دەیڵێمەوە ئەدەبی ژیاننامە تەنیا ئەوە نییە تۆ چیت کردووە، چیت بینیوە و چیت بیستووە، بەڵکوو نووسینەوەی ئەو جیاوازییانەیە، کە لە ڕێگەی تێڕوانینی تایبەتی خۆتەوە بە دەستت هێناون.

---

(1) کتێبی (پیاوە بچکۆلەکە) هەوڵێکی زۆر گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا، بەتایبەتی چیرۆکی (بەرخۆلە و کۆترەکێویلە و منداڵ)، بەڵام لە هەندێک شوێندا ئەو گرنگییەی لە دەست دەدات. ناونیشانی کتێبەکە ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی ڕەگەزی نێر لە هیی مێ بەتواناترە. لە شیعری (بۆڕبۆڕێن)دا دەڵێت: ((با بزانم کێ بەگورە کێ لە ڕاکردنا کوڕە)). لە چیرۆکی (جووجەڵە و ڕێوی)دا کاتێ (هیوا) تەڵە بۆ ڕێوییە فێڵبازەکە دەنێتەوە و پێوە دەبێت، ئەو ئاژەڵە دەپاڕێتەوە بەری بدات، گوایە ئیدی واز دەهێنێت، کەچی (هیوا) پێی دەڵێت: ((بەم قسانە چۆن هەڵئەخەڵەتێم، فێڵباز؟ بۆ وا ئەزانی منداڵم و هیچ نازانم؟)).

(2) تەواو لام ڕوون نییە ئاخۆ گۆرانییەکە هیی (تەلال مەدداح) بووە، یان هیی (سەباح فەخری)، چونکە هەردووکیان دەیڵێن، بەڵام بە کەمێک جیاوازییەوە. ئەوەی یەکەمیان ئاوایە: (مرمر زماني يا زماني مرمر گلبي تولع في هواك يا اسمر)، بەڵام ئەوەی دووەمیان بەم شێوەیەیە: (مرمر زماني يا زماني مرمر مرمرتني لابد ماتتمرر). ئەوەی کاری کردە سەر من ئەو یاریکردنە بوو بە دەنگ و مانای وشەکان.

(3) ئەو بەندانە بۆ ئەوە نین بڵێم شتی گرنگن، بەڵکوو تەنیا مەبەستمە ئەزموونی خۆم بنووسمەوە. پێم وایە هەر کاتێ ئەدەب زمان و تێگەیشتنی میللی تێناپەڕێنێت، هەمان ئەو شتانە دەڵێتەوە، کە لای زۆرایەتی پەسەندن. ئەو بەندانە ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنەن پیاو لەبارەی (فالەس: Phallus)ەوە هەیەتی و لەوێوە لە دنیا دەڕوانێت.

(4) جارێکیان لە دانمارک دەراوسێیەکی کریستیانم، کە لە بنەڕەتدا لوبنانییە، پێی گوتم منداڵەکەی بۆ قوتابخانەی یەکشەممە (Sunday School)ی کەنیسە دەبات. لەم ڕووەوە ویستی بزانێت من بۆچوونم چییە. ئەو نموونەیەم بۆ هێنایەوە. بەکورتی پێیم گوت ئەوە چەوسانەوەی منداڵە، کە گەورە باوەڕی خۆی بە سەردا بسەپێنێت، چونکێ ئەو لێی تێناگات و بە ناچاری قووتی دەدات، کە ئەمە دواجار دەبێتە هۆی کوشتنی منداڵیی مرۆڤ و بە گەورەییش کاریگەریی خراپی دەبێت. ئایا ئەگەر گەورەکان منی منداڵیان فێری (ئەی ڕەقیب) و (ئەی شەهیدان) نەکردایە، لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەچوومە ناو سیاسەت و خۆمم بە جەنگاوەری حەقیقەت دەزانی؟ نەدەکرا چاوەڕێ بکەن بگەمە تەمەنی هەژدە و خۆم ڕێگەی خۆم هەڵبژێرم؟ ئەو کارەکەی بەوە پاساو دەدایەوە، گوایە لەوێ منداڵەکەی فێری ئەوە دەکرێت دوژمنەکەی خۆش بوێت و هیوا بخوازێت ئاشتی دنیا دابپۆشێت وەک لە کتێبی پیرۆزیدا هاتووە، خۆ پێی ناڵێن بڕۆ بیانکوژە و بیانتەقێنەوە، بەڵام من هێشتا سوور بووم لەسەر ئەوەی بڵێم ئەمە زەوتکردنی ئازادیی منداڵە. کاتێ گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنی هەژدە، با خۆی بڕیار بدات، دەنا وەک من بە هەڵە لێی تێدەگات. پرسیم ئایا ئەو منداڵە مافی ئەوەی هەیە هیچ لەو بارەیەوە بڵێت؟ ئایا ئەگەر گوتیشی، نرخێک بۆ گوتەکەی دادەنرێت؟ ئایا ئەوە نابێتە هۆی کوشتنی توانای منداڵ و لای ناچەسپێت، کە هەرچی حەقیقەت هەیە وا لەناو ئەو کتێبەدا کۆ بووەتەوە و سەرجەم کتێبەکانی دیکە پووچن، با بە شێوەی فیزیکەڵیش هەوڵی کوشتنی ئەوانە نەدات، کە باوەڕیان بەو کتێبانە هەیە؟

(5) هەندێک لەو گوتانەم لە گفتوگۆیەکی ساڵی (2008)دا وەرگرتووە، کە گۆڤاری (نێوشەفەق) لەگەڵیدا کردووم.

(6) گوتارەکە لە (دەنگەکان) و (ماڵێک لە ئاسماندا)دا بڵاو کراوەتەوە و دەکرێت یەکێ لەم دوو لینکە بۆ خوێندنەوەی بە کار بهێنرێت:

http://dengekan.info/author/karwanKakaswr/

http://www.hemin.dk/mla/node/575